



# نیسام (ژن و ئاشتی): پێشخستنی ژنان، ئاشتی و ئاسایش لە عێراق

## *زنجیرەی فێربوون: هەرێمی کوردستانی عێراق شیکاری دۆخ*

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥


WOMEN FOR WOMEN INTERNATIONAL

gaps uk
GENDER ACTION FOR PEACE AND SECURITY

# المحتويات


**پرۆژەی نیسام (ژن وئاشتی) پێشخستنی ئەجێندایەکی خۆجێییکراوی ژن، ئاشتی وئاسایش .... 3**

**میتۆدۆلۆژیا .... 4**

**چوارچێوە: هەرێمی کوردستانی عێراق .... 6**

**دەرەنجامەکان .... 7**

**1. دۆخی پاڵپشتیکردنی دارایی لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا .... 7**

ئالێنگاری .... 8
دەرفەت .... 10
ڕاسپاردە .... 11

**2. ژینگەی سیاسی، یاسایی، ودامەزراوەیی .... 12**

ئالێنگاری .... 12
دەرفەت .... 13
ڕاسپاردە .... 14

**3. خولەکانی هەڵبژاردن وبەشداریکردنی سیاسی ئافرەت .... 15**

ئالێنگاری .... 15
دەرفەت .... 16
ڕاسپاردە .... 17

**4. بچووککردنەوەی کەشێکی مەدەنی وپەرچەکرداری نەرێنی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەری) .... 18**

ئالێنگاری .... 18
دەرفەت .... 20
ڕاسپاردە .... 21

**دەرەنجام .... 22**

# پڕۆژەی نیسام (ژن وئاشتی) پێشخستنی ئەجێندایەکی خۆجێییکراوی ژن، ئاشتی وئاسایش

لەدوای ململانێکان وکەمبوونەوەی پاڵشتی دارایی وپاشەکشەی مافەکانی ژنان لە عێراقدا، دۆخەکە بەجۆرێکە کە دەستتێوەردانی خۆجێیی داکۆکیکار لە جۆری کۆمەڵایەتی بووەتە کارێکی زۆر بەپەلە. پڕۆژەی "نساء و السلام"[1]، دەستپێشخەرییکە لە لایەن حکومەتی بەریتانیاوە پاڵپشتی دارایی دەکرێت، کە" ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی (WfWI)" بەهاوبەشی لەگەل "کاری جۆری کۆمەڵایەتی لەپێناوی ئاشتی وئاسایش (GAPS)" جێبەجێی دەکات، و هەڵدەستێت بە چارسەرکردنی ئەم بۆشاییە گرنگە لە ڕێگەی هاوبەشێتی لەگەل ٣٤ ڕێکخراوی خۆجێیی کە ژنان وڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەکردایەتیان دەکەن لەهەر نۆزدە پارێزگاکەی عێراق، لە نێویشیاندا هەرێمی کوردستان وعێراقی فیدراڵ.

لەرێگەی دەستەبەرکردنی تێکەلەیەک لە پاڵپشتی دارایی ڕاستەوخۆ وهاوکاری دامەزراوەیی وهەلی دروستکردنی کۆمەڵێک تۆڕدا، پڕۆژەی " نساء و السلام " هەڵدەستی بە توانابەخشین بەو ڕێکخراوانەی کە ژنان سەرکردایەتیان دەکەن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بۆ ڕێکخستن وجێبەجێکردنی ئەجێنداکانی تایبەت بە ژن، ئاشتی وئاسایش- لەگەڵ لەپێشینەدان بە کۆمەڵێک پرسی وەک توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی وپاڵپشتی ئابووری وبەشداریکردنی سیاسی وتوانای خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا. بەمەش ڕێبازی پڕۆژەی نیسام (NISAAM) دەبێتە رەنگدانەوەی گۆڕانێکی خواستراو لە جۆری بەخشەران لە سەرەوە بۆخوارەوە بۆ ڕێبازێکی بەردەوام وگشتگیر وخاوەن خاوەندارێتیەکی خۆجێیی، کە ڕۆڵی دەبێت لە پڕکردنەوەی کەلێن وبۆشاییەکان لەبواری ژن، ئاشتی وئاسایش وبەهێزترکردنی ڕۆڵی سەرەکی سەرکردە ژنەکانی عێراق.



## میتۆدۆلۆژیا

### عێراقی فیدراڵی




ئەم ڕاپۆرتەی شیکردنەوەی دۆخی گشتی، کە تەرکیز دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان، پشت دەبەستێت بە ڕێبازێکی جۆری فرە شێواز بۆ دیاریکردنی کارە لەپێشینەکانی ئەو ڕێکخراونەی مافی مرۆڤ کە لەهەرێمی کوردستان کاردەکان هاوکات لەگەڵ ئالێنگاری وستراتیژەکانی خۆگونجاندنیان لە ژێر سایەی دۆخی پاڵپشتیکردنی دارایی هەنووکەیی. ئەمە یەکێکە لە ڕاپۆرتەکان لە نێو زنجیرەیێکدا(زنجیرەیێک ڕاپۆرت)، هاوکات لەگەڵ ڕاپۆرتی شیکردنەوەی دۆخی گشتی لەسەر ئاستی عێراقی فیدراڵ، هەروەها پەراوی سایەتەکانی ژن، ئاشتی وئاسایش. ئەم ڕاپۆرتانە هەموویان پێکەوە:

1. شارەزاییەکانی ئەو ڕێکخراوانەی مافەکانی ژنان دیاری دەکەن کە هەڵدەستن بە جێبەجێکردنی ئەجێندای ژن، ئاشتی وئاسایش لە عێراق.
2. کۆسپ وتەگەرەکانی بەردەم جێبەجێکردن دیاری دەکەن.
3. هەڵدەستن بە دیاریکردنی ئەو ڕاسپاردانەی کە بەندن لەسەر بەڵگەکان وپشت دەبەستن بە زانیارییە خۆجێییەکان بۆ بەهێزکردنی بەرنامە وپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و گۆرینی جۆری کۆمەلایەتی پەیوەست بە ژن، ئاشتی وئاسایش لەعێراقدا.

بۆ بەمەستەکانی ئەم ڕاپۆرتە، پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان ئەو گفتوگۆیانەشی گرتەوە کە لەمانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ ەوە بەردەوام بوون تاکو مانگی نیسان. ئەم ماوەیە یەکلاکەرەوە بوو لە گۆڕینی ژینگەی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ورێکخراوەکانی مافەکانی ژنان لەسەر ئاستی جیهاندا: کۆمەڵێک بریاری ڕاگرتنی کاری[2] ڕاگەیاندران کە لە ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەولەتییەوە دەرچووبوون (USAID) لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٥، لەکاتێکدا کە بەریتانیاش کەمکردنەوەی هاوکارییەکانی پەرەپێدانی فەرمی خۆی ڕاگەیاند لە ڕێژەی 0.5% لە کۆی گشتی داهاتی نەتەوەیی بۆ ڕێژەی 0.3% لە کۆی گشتی داهاتی نەتەوەیی لەمانگی دووی ٢٠٢٥دا[3].

لەم گفتوگۆیانەدا کۆمەڵەی جۆراوجۆری سەرکردایەتی مافەکانی ژنان ورێکخراوەکانیان وپارێزەرەکانیان و چالاکوانەکان لە دهۆک وهەولێر وسنجار وموسل وکەرکوک وەکو هەرێمی کوردستانی عیراق و باکوری عێراق بەشداربوون. گفوگۆکان بەم شێوازانەی خوارەوە ئەنجامدران:

- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرچاوەی زانیاری سەرەکی (KII) ونوێنەرانی ڕێکخراەکانی مافەکانی ژنان.
- کۆمەڵێک گفتوگۆی فۆکەس گروپ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان ئەوانەی بەشداریان کرد لە پرۆژەی "نیسام" لەماوەی ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنیدا.
- ئەنجامدانی ڕاپرسی ئاراستەکراو لەگەڵ سەرکردە ژنەکان ودروستکەرانی بڕیار لە ناوچەی جوگرافی جۆراوجۆر وبابەتی جۆراوجۆردا.

## زنجیرەی ڕاهێنان: پراکتیکی ڕاوێژکاری



### کێ:

**51** کەس

نوێنەر ودروستکەری بڕیار لە کۆمەڵگەی مەدەنی

### چۆن:

**2** گفتوگۆی فۆکەس گروپ

لەگەڵ ٣٧ نوێنەری ١٣ ڕێکخراوی مافەکانی ئافرەتان کە لە ساڵی یەکەمی پرۆژەی نیسامدا بەشداربوون

**21** چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی پەیوەندیداری سەرەکی

ڕاپرسییەک کە دابەشکرا

بەسەر هەردوو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژناندا.

### ڕاوێژکارییەکان کەی ئەنجامدراون؟:

شوبات - نیسانی ٢٠٢٥

زنجیرەی فێربوونی نیسام لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی فراوانتردا جێبەجێکرا کە هەردوو هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراقی فیدراڵی دەگرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەم توێژینەوەیە داتاکانی زیاتر لە ٥١ نوێنەر ودروستکەری بڕیار لە کۆمەڵگەی مەدەنی تێدایە کە بەشێکی زۆریان بەشداری دەکەن لە جێبەجێکردنی خشتەکانی کاری پرۆژەی ژن، ئاشتی وئاسایش لەسەر ئاستە خۆجێیی وهەرێمی ونیشتیمانییەکاندا. شایەتیدانەکانیان شوێنەوارە خراپەکانی کێشانەوەی پاڵپشتی دارایی دەردەخات لەسەر خزمەتگوزارییە سەرکییەکان، وداوا یاساییەکان و بەردەوامێتی رێکخراوەکان. ئەم تێراونینانە بنەمای بەڵگەیی پێکدەهێنن بۆ شیکردنەوەی ڕاپۆرتەکە وراسپاردەکانی. ئەم ڕیبازە ئامانجی دیاریکردنی نموونە دوبارەبوەوەکانە لە ڕێگەی وەڵامدانەوەکاندا. هەروەها کۆمەڵێک ئالێنگاری راستەوخۆ وناوەرۆک دەگریتەوە کە ئاماژەن بۆ ئالینگارییە دامەزراوەییەکان. وپشت بەستن بەبەخشەران و هەروەها پەرچەکردارە کۆمەڵایتی وڕۆشەنبیرییەکان وفشاری رێکخستنە ناوەخۆییەکان.

ئەم رێبازە جەخت دەکاتەوە لەسەر شارەزاییەکانی ئەو لایەنانەی کە بەشێوەی راستەو خۆ هەڵدەستن بە کاروباری مافەکانی ئافرەت لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا. دەرەنجامەکان دابەش دەبن بەسەر سێ بەشدا: ئالینگارییەکان، هەلەکان، ڕاسپاردەکان، بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی کۆسپە پەیکەرییەکان وشێوازەکانی کاری ستراتیژی بن. ئەم چوارچێوەیە هەڵبژیردرا بۆ ئاراستەکردنی بڕیارەکانی سیاسەتەکان و پاڵپشتی دارایی و هەماهەنگی لەلایەن کۆمەلە نیشتیمانیی ونێودەولەتییەکان و ئەوانەی کاردەکەن لە بواری مافەکانی ئافرەتدا.

## چوارچێوە: هەرێمی کوردستانی عێراق

لەم سالآنەی دواییدا هەرێمی کوردستانی عێراق داکشانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە بواری پاڵپشتیکردنی رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتاندا، بەتایبەتیش لەدوای بڕیارەکانی لایەنە بەخشەر سەرکییەکان، لەنێویشیاند بەریتانیا[4] وئەمەریکا[5] وسوید[6]، بۆ کەمکردنەوە یان کێشانەوەی پاڵپشتیکردنی دارایی. لەئەنجامی ئەمەدا، زۆرێک لە رێکخراوەکان دووچاری مەترسی توانای پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی سادەترین پیداویستییەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بوونەوە کە خزمەتگوزاریان پێشکەش دەکردن. هەروەک یەکێک لە رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان گوتی: " بڕیارەکانی ترەمپ بە برینی پاڵپشتی دارایی ئەمەریکی بەرێژەی ٥٠% کاریکردە سەر ئەم پاڵپشتیە داراییەی کە پێشتر بەدەستمان دەگەیشت.. وبەخشەرە ئەوروپیەکانیش ناتوانن ئەم کەلینە پڕبکەنەوە[7]". ئەم پاشەکشێیانەش لە وەبەرهێنان، هاوکات بوون لەگەڵ ماوەیەکی زەمەنی لە پەرەسەندنی ناسەقامگیری هەرێمی، کەڵەکەبوونی لەرزۆکی و تەنگژەی ئابووری، بەردەوامێتی سارێژبوونەوەی داوی ململانێ.

ئالێنگاری پاڵپشتی دارایی لە چوارچێویەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرفراوانتردا دەردەکەوێت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا. تاکوئێستاش هەرێمی کوردستان ڕووبەرووی فشاری ئابووری پەیوەست بە گۆڕانکارییەکانی نرخی نەوتی جیهانی ودواکەوتنە خولیەکانی ناردنی میزانییە دەبێتەوە، کە کاریگەریی دەخاتە سەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەگشتییەکان و پلانی پەرەپێدان. هەروەک هەرێمی کوردستان مێوانداری ژمارەیێکی گەورەی ئاوارە ناوەخۆییەکان وپەنابەران دەکات، ئەمەش کاریگەری وبارگرانی دەخاتە سەر ژێرخان وخزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان. لە راستیدا رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان رۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان بینیوە لە پاڵپشتیکردنی هێزی کۆمەڵگاو توانای گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان، بەڵام ئەم هێزەی بۆ بەردەوامیدان بە هەوڵ وکۆششەکان بەشێوەیەکی روولەهەڵکشان کاریگەر دەبێت بە سنووردارێتی سەرچاوەکان.

کەمبوونەوەی جیهانی لەخەرجکردنی هاوکارییە دەرەکییەکان هەربەتەنها نەبووەتە هۆکاری کەمبوونەوەی پاڵپشی دارایی کاری رێکخراوەکانی مافی ئافرەتان، بەڵکو بەشێوەیەکی کاریگەر پەراوێزی خستوون. ئەمەش سەریکێشاوە بۆ داماڵینیان لە پایە دارایی وسیاسی ودامەزراوەییەکان، لە کاتێکدا کە زۆر پێویستن بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی وکەلێنەکانی حوکمڕانێتی وخزمەتگوزارییەکان کە بەهۆی سنوردارێتی دەستەڵاتی حکومەتەوە دروست بوون. ئەم پاشەکشێیانە هاوکاتن لەگەڵ پەرەسەندنی ناسەقامگیرییە سیاسییەکان، وگەشەکردنی جەمسەردارێتی تایەفی، وبەرفراوانبوونی جیاوازییە جوگرافییەکانی نێوان ناوەند ودەوروبەرەکانەوە. لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ئەم پاشەکشێیە جیهانییە لە کەمبونەوەی پاڵپشتی دارایی وزیادبوونی ئەو مەترسیانەوە دەردەکەوێت کە ڕووبەرووی رێکخراوەکانی مافی ئافرەتان بوونەتەوە. رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان ڕووبەڕووی وردبینیەکی چڕی حکومەت، و رووبەڕووی کۆمەڵێک مەرج بوونەتەوە لەلایەن لایەنە بەخشەرەکانەوە کە گرنگی دەدەنە ئەو"هاوبەشانەی مەترسیان کەمترە"، هەروەها بەرفراوان بوونی بۆشایی نێوان رێکخراوە شارنشینی وپەراوێزەکان. زۆرێک لەم رێکخراوانە لە ئێستادا بەبی بوونی هیچ پانتاییێکی نووسینگەیی، یان ئاسایشێکی دارایی یان پاریزگارییێکی دیجیتاڵی[8]کاردەکەن، لەگەل ئەوەشدا بەبارگرانییێکی کەسیی زۆرەوە بەردەوامی بەکارەکانیان دەدەن.

ئەم ڕاستیانە رەنگدانەوەی ئاراستەییێکی جیهانی بەرفراوانترن. لە ئایاری ٢٠٢٥دا دامەزراوەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ ئافرەتان توێژینەوەیەکی راپرسی ئامێزی جیهانی بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد کە:

- مەزەندەدەكرێت زیاتر لە ٥٠% ڕێكخراوەكانی مافەكانی ئافرەتانی كاركردوو لە ناوچە زیانپێكەوتووەكانی تەنگژەكان لەماوەی شەش مانگدا و بەهۆكاری كەمبوونەوەی هاوكارییەكان دەرگای ڕێكخراوەكانیان داخستووە.

- نزیكەی تەنها ١% ی هاوكارییەكانی پەرەپێدانی فەرمی تایبەتكراوە بۆ یەكسانییەكانی نێوان هەردووک ڕەگەز، ڕاستەو خۆ دەچێت بۆ ڕێكخراوەكانی ئافرەتان.

- ڕێژەی زیاتر لە ٩٠% ڕێكخراوەكانی مافەكانی ئافرەتانی خۆجێیی باسیان لەوە كرد كە كەمتر لە ١٠٠،٠٠٠ دۆلاری ئەمریكیان پێدەدریت لە ساڵێكدا، وە بەزۆریش بەبێ بوونی هیچ پاڵپشتیێكی سیاسی ودامەزراوەیی[9].

سەرە ڕای ئەوەی كە ڕۆڵێكی گەورە دەگێرن لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییەكان و بونیادنانی ئاشتیدا، كۆمەڵەكانی ئافەرتانی خۆجێیی هیچ هاوكارییكیان پێناگات، جگە لە ڕێژەی ١% هاوكارییەكانی پەرەپێدانی فەرمی كە تەرخان كراوە بۆ جۆری كۆمەڵایەتی[10]. ئەم ڕەوتە جیهانیانە لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستانی عێراقیشدا ڕەنگیان داوەتەوە. ڕێكخراوەكانی مافی ئافرەتان لە عێراقدا لەم ژینگە كۆتوبەندكراوەدا كاردەكەن، بەڵام تاكوئێستاش ڕۆڵێكی كاریگەر دەگێرن لە سارێژبوونەوەكانی دوای ململانێدا، دادپەروەری بەدیدەهێنن لە نێوان هەردووک ڕەگەزدا، هەروەها دادپەروەرێتی ڕاگوزەر. هەرلە پاڵپشتیكردنی ئەو ئێزیدیانەوە بگرە كە لە دەست توندوتیژی داعش ڕزگاریان بووە(دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) تادەگات بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری كۆمەڵایەتی، ئەم ڕێكخراوانە لە ڕێگەی سەرجەم پایەكانی ئەجێندای ژن، ئاشتی و ئاسایشەوە كاردەكەن كەبریتین لە: پارێزگاری، خۆپارێزی، و بەشداریكردن، و بەهاناوەچوون و سارێژبوونەوە.

ئەم ڕاپۆرتە ڕوونی دەكاتەوە كە چۆن كەمكردنەوەی پاڵپشتیكردنی دارایی وكەمی میكانیزم وسەرچاوە كەمەكان بەتووندی توانای كاركردنی ڕێكخراوەكانی ئافەرتان لە عێراق وسەلامەتی وبەردەوامێتیان لەسەر ئاستی دریژمەودادا لاوازدەكەن. ئەم كۆت وبەندانە پاراستنی یاسایی وخزمەتگوزارییە دەرونی وكۆمەڵایەتییەكانی ژنان وكۆمەڵگاكانیان دەخەنە ژێر مەترسییەوە. هەروەها كەڵێنی جێبەجیكردنی پلانی كاری نیشتیمانی عێراق (NAP) لە بواری ژن، ئاشتی وئاسایشدا بەفراوان دەكات، وهەڕەشەدەكاتە سەر لاوازبوونی كۆمەڵگای مەدەنی فێمێنیستی لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا. ئەم دەرەنجامانە بنەمایەكی بەڵگەدار بۆ تێگەیشتن لە ئالێنگارییە پشكەوتووەكان فەراهەم دەكەن كە ریكخراوەكانی مافەكانی ئافرەت بەشێوەیەكی باشتر دەتوان ڕووبەڕوویان ببنەوە، هەروەها بۆ ئاراستەكردنی كۆمەڵێک ڕێبازی كاراتر كە تەركیز دەخەنە سەر ژینگەی خۆجێیی بۆ پرۆگرامی ژن، ئاشتی وئاسایش.

هاوكات لەگەڵ ناچاربوونی زۆرێک لە ڕێكخراوەكان بە كەمكردنەوەی قەبارەكەیان یان داخستنیان بەتەواوەتی، وپاشەكشەكردنی پاڵپشتیكردنی دارایی نێودەوڵەتی بۆەتە هەڕەشە لەسەر لەباربردنی ئەم پێشكەوتنەی كە ساڵانێكی زۆرە بە ڕەنج وماندووبوون كە لە خشتەكانی كاری پرۆگرامی ژن، ئاشتی وئاسایشدا دەستهاتوون. لەكاتێكدا كە كۆمەڵگەی نێودەولەتی یادی بیست وپینجەمین ساڵرۆژی بریاری ئەنجوومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوەیەكگرتووەكانی ژمارە ١٣٢٥ دەكاتەوە، ئەم ڕاپۆرتە داوای سەرلەنوێ دەستپێكردنەوە وەبەرهێنانی ستراتیژی دەكەنەوە لە ژێرخانی بەردەوامی ژنان و لەڕیگەی سەركردایەتیكردنێكی خۆجێییەوە. بەبێ ئەمە، بەڵێنی ئاشتی وئاسایش بۆ ئافرەتان لە عێراقدا دەبێتە كارێكی ئەستەم.

## دەرەنجامەكان

## 1. دۆخی پاڵپشتیكردنی دارایی لەهەرێمی كوردستانی عێراقدا

بارودۆخی پاڵپشتیكردنی دارایی ڕێكخراوەكانی مافەكانی ئافرەت لە هەرێمی كوردستاندا بەرەبەرە وبەشێوەیەكی ڕوولەزیادبوون ناسەقامگیر بووە. ئەم گۆڕانكاریانەی ئەم دواییانە لە كارە لەپێشینەكانی هاوكاری دارایی، پاشەكشەی لەناكاوی بەخشەران، وسیستەمەكانی پاڵپشتیكردنی دارایی دوورخەرەوە بونەتە هۆكاری نانەوەی كێشە بۆ زۆرێک لە ڕێكخراوە خۆجێییەكان لە پێناو پاریزگاریكردن لە خزمەتگوزارییە زیندوەكانی پاراستن وبونیادنانی ئاشتیدا. ئەم بەشە هەڵدەستێ بە خستنەڕووی ئەو ئالێنگارییە گرنگانەی كە لە چوارچێوەی گفتوگۆكاندا دەستنیشان كراون، شانبەشانی كۆمەڵێک دەرفەتی نوێ كە بۆ بەهێزكردنی خۆڕاگری دارایی وگشتگیركردنی خزمەتگوزاری دارایی سەرهەڵدەدەن.

## ئالێنگاری

***کەمکردنەوەی هاوکارییەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا***

بەدرێژایی ئەم گفتوگۆیانە، چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ کەسە سەرەکییە پەیوەندیدارەکان وگفتوگۆکانی فۆکەس گروپەکان بەبەردەوامی تیشکیان دەخستە سەر کاریگەرییە خراپەکانی پاشەکشێ لەناکاوەکانی بەخشەران لەسەر سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتیش لە دوای گۆڕانکارییەکان لە سیاسەتی ئەمریکی وگۆڕینی ئاراستەی گرنگی پێدانە هەرێمییەکان[11]. لەراستیدا کۆتایی هێنانی ئاژانسی ئەمەریکی بۆ پەرەپێدان (USAID) بە گەشت بەرنامەکانی، هەروەها دەرچوونی ئاژانسی سویدی بۆ هاوکاری پەرەپێدانی نێودەوڵەتی (SIDA) لە عێراق، ئاراستەکردنی گرنگیپێدانەکانی دەوڵەتە بەخشەرەکان بۆ ئۆکرانیا و سوریا و فەلەستین، بووەتە هۆکاری لەکیس چوونی سەرچاوەکانی پاڵپشتیکردنی دارایی بۆ سەرجەم بەرنامە گرنگ و زیندووەکان.

ئەم کۆچە کتوپڕە بەشێوەیەکی تایبەت کاریگەری خستەسەر دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە پارێزگاری، وەک بەرەنگاربوونەوەی تەندوتیژی پەیوەست بە جۆری کۆمەلایەتی ودادپەروەریتی ڕاگوزەر. زۆرێک لە بەرنامەکان لە ناوەراستی خولەکانیاندا ڕاگیران، ئەمەش ڕزگاربووەکانی بەبێ پاڵپشتی وفەرمانبەرانیشی بێکار هێشتەوە. رێکخراوەکانی ئافرەتان باسیان لەوەکرد کە بەئەندازەیێکی زۆر پشتیان بە ئاژانسی ئەمەریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەولەتی ولایەنە بەخشەرەکان بەستبوو بۆ پاڵپشتیکردنی دارایی و هاوکارییە یاساییەکان وخزمەتگوزارییەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی وپاڵشتیکردنی رزگاربووانی دەستی توندوتیژی خێزانی. یەکێک لە رێکخراوەکان ئەوەی روونکردەوە کە:" زۆرێک لەو پرۆژانەی کە پاڵپشتی رزگاربووانی کردەی خۆکوژی وقوربانیانی توندوتیژی خێزانی پشتیان بە پاڵپشتی دارایی ئەمەریکی دەبەست. کاتێک کە پالپشتییەداراییەکان وەستان شتێکمان لەدەستدا نەما کە بەهۆیەوە بەردەوامی بەکارەکان بدەین."

لەدەستدانی لەناکاوی پاڵپشتی دارایی دەرەکی بوە هۆکاری ئەوەی کە رێکخراوەکان واز لە پرۆژەکانیان بهێنن، فەرمانبەرانیان لەکیس بچن، وپرۆسە وکارەکانیان دابخەن. لە سایەی نەبوونی پلانڕێژییەکی ئینتقالی یان پاڵپشتیکردنی مەشق وراهێنان، کارەکە گۆڕدرا لە بەهاناوەچوونێکی بەپەلەوە بۆ کۆمەلێک نموونەی پاڵپشتیکردنی دارایی کە تەرکیز دەخاتە سەر پەرەپێدان "هەڵدێرێکی سەخت"ی پاڵپشتیکردنی دارایی بۆ زۆر کەس دروست کردووە. هەروەک یەکێک لەبەشداربووان لە میانی گفتوگۆی فۆکەس گروپێکدا ووتی:"کاتێک کە پارەمان نامێنێت ئێمە هەر بەتنها پارە لەدەست نادەین، بەڵکو ئێمە شوێنی سەلامەت و، دەستڕاگەیشتن بە یاسا، وپاڵپشتیکردنی تەندروستی دەروونی و هەموو شتێک لەدەست دەدەین کە ئافرەتان پشتی پێدەبەستن"[12]. ئەم بۆشاییە پەردە لەسەر پێداویستیەکی زەرووری بۆ پلاندانانی فریاگوزاری، پاڵپشتیکردنی دارایی، بەهێزکردنی شارەزایی ولێهاتوییەکان هەڵدەداتەوە لە پێناو ئامادەکردنی رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان بەشێوەیەکی باشتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەنگژە داراییەکان.

***کارە لەپێشینەکانی بەخشەران لە سەرەوە بۆ خوارەوە وگۆڕانکارییە بابەتییەکان***

پاشەکشەی پاڵپشتی دارایی هاوکات بوو لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە خێرایانەی کە دروست بوون لە کارە لەپێشینەکانی بەخشەراندا، ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لە دروستکردنی ژینگەیەکی تەمویلی نائارامدا. زۆرێک لە رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەت لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا، باسی کۆمەڵێک فشاری رولەهەڵکشانیان دەکرد بۆ خۆگونجاندن لە گەڵ پرسە جیهانییە سەرهەڵداوەکاندا، وەک گۆرانی کەشو هەواو داهێنانی دیجیتاڵی، تەنانەت کاتێک کە ئەم پرسانە لە شارەزایە سەرەکیەکانیشیانەوە دوور بن. هەروەک یەکێک لە رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان سەرنجیدا کە:

> **"لەراستیدا وێنای گشتی بەخشەرەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەجۆرێک کە زۆرێک لە پاڵپشتیکەرە داراییەکان ئاراستەی گرنگی پێدانەکانی خۆیان گۆڕیوە بۆ پرس وتەنگژە جیهانییە سەرهەڵدوەکان یان کارە گرنگ و بابەتییەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا وداهێنانی دیجیتاڵی، کە بوەتە هۆکاری کەمبوونەوەی هەلەکانی کاری ئەو رێکخراوانەی لەبواری مافەکانی ئافرەتان ولەسەر ئاستی بنکەی جەماوەری، وپاراستن، وبونیادنانی ئاشتی لە عیراقدا کاردەکەن. ئەم کەمکردنەوەیەی بواری پاڵپشتیکردنی دارایی ئاراستەکراو وجەختکەرەوە لەسەر جۆری کۆمەڵایەتی دەبێتەهۆکاری توندبوونی پیشبڕکێ، و وادەکات کە بەردەوامێتی بکەوێتە ژێر مەترسییەوە."**

ئەم گۆڕانکاریانەی، کە زۆربەی کات هاوکاتن لەگەڵ خولی پاڵتشتیکردنی دارایی کورت مەودا. ڕێکخراوە خۆجێییەکان ناچار دەکەن کە دوبارە شوناسی خۆیان دابڕێژنەوە یان بەخێرایی بواری کارەکەیان بگۆڕن. ئەمەش رووداوەدات سەرباری سنورداریێتی سەرچاوەکانیان یان کەمی شارەزاییان بۆ هەستان بەم کارە نوێیانە بەشێوەیەکی کارا، هەروەها وەڵامەکانی ئەم راپرسیە تەئکیدی کردەوە کە:

*" ڕێکخراوەکان لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ گوڕانکاریەکانی سیاسەتەکانی بەخشەران یان نائارامی سیاسی لە دەوڵەتی بەخشەردا بێتوانان."*

*"زۆربەی ڕێکخراوەکان دەناڵێن بەدەست نەبوونی پاڵپشتی دارایی سەرەکی وپێویست بۆ داپۆشینی خەرجیەکانی پرۆسەکان یان بونیادنانی تواناکانیان. پاڵپشتیکردنی دارایی بەخشەران جەخت دەکاتەوە سەر چاڵاکییەکان وپێشبرکێش لە کۆمەڵێک هەلی کەم وسنوردار زیاد دەبێت."*

هەروەک لە گفتوگۆکانی پرۆژەی نیسامدا دەردەکەوێت ، بەزۆری گۆڕانکارییەکانی پەیوەستن بە خولی پاڵپشتیکردنی دارایی کورت ماوە وگۆڕانکارییە سیاسییەکان لە بەخشەراندا، کەئەمەش هێزی ڕێکخراوەکە زۆر لاواز دەکات. دۆخی پارەدان لە بەرژەوەندی داهێنانی ئاستی ڕووکەشدایە لە چاو چاکسازیی پێکهاتەیی بەردەوام، ئەمەش وا دەکات چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکانی وەک نایەکسانی یاسایی یان توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی قورستر بێت.

***ئامادەییە دامەزراوەییەکان وداواکارییە دورخەرەوەکانی لایەنەبەخشەرەکان***

لە کاتێکدا کەئەم ڕێکخراوە کوردستانیانەی کەلە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کاردەکەن بەزۆری لە ڕووی دامەزراوەییەوە جێگیرترن بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە ناوچە فیدراڵیەکاندان، بەڵام هێشتاش کۆمەڵێک کەلێن لە پلاندانانی ستراتیژی، وهەمەچەشنکردنی کۆکردنەوەی پارە وپابەندبوونی لایەن بەخشەرەکاندا هەن. زۆرێک لە ڕێکخراوە بچووکەکان یان گوندنشینەکانی ئافرەتان پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان، سەکۆ هەرێمییەکانی داکۆکیکردن یان کۆبوونەوەی بەخشەرە بەرچاوەکاندا نییە. هەروەک یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەت لە ڕێگەی ڕاپرسی ڕاوێژکارییەوە باسی کرد:

> **هەندێک لە بەخشەرەکان پێویستیان بە سیستەمی ڕاپۆرتکردن یان سیستەمی ئاڵۆز هەیە بۆ بەدواداچوونی پاڵپشتیکردنە داراییەکان، کە پێویستیان بە سەرچاوەی زیاترە کە ڕێکخراوەکان ڕەنگە توانای سنووردرایان هەبێت لەم ڕووەوە.**

ئەمەش بەربەستی پێکهاتەیی دروست دەکات، کە زۆرجار ڕێکخراوە ناحکومییە گەورەکان وشارنشینەکان بەباشتر دادەنرێن، بەجۆرێک سەیریان دەکرێت وەک ئەوەی بەئەندازەیێکی زیاتر 'باوەڕپێکراو' یان 'ئامادە' بن. ئەم ڕێکخراوانە چانسیان لە وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی وبەشداریکردن لە دەستپێشخەرییەکانی مەشق وڕاهێنان، وبەشداریکردن لە هاوبەشی ستراتیژیدا زیاترە. لە ئەنجامدا، گروپە بچووکەکان، کە زۆرجار کەمینەکان یان ڕزگاربووان سەرکردایەتی دەکەن، بەدورخراوەیی دەمێننەوە[13]. ڕێکخراوەکانی دیکە بە سەرکردایەتی ئێزیدییەکان وڕێکخراوەکانی دیکە کە سەرنجیان لەسەر کەمینەکانە، بەوە وەسف دەکرێن کە بەبەردەوامی لە سەکۆی بەخشەرە سەرکییەکان دورخراوەن[14]. ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی دارایی پێویستیان بۆ یارمەتییە گەورەکان نییە وبەشێکیش لەبەر ئەوەیە کە ڕێکخراوە ناحکومییە شارییە دامەزراوەکان زاڵترن بەسەر کەشی هاوپەیمانیدا.

ئەم شێوازی پەسەندکردنەی بەخشەرەکان دۆخێک بەردەوام دەکات کە تێیدا ڕێکخراوە بچووکەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، کە زۆربەیان سەرکردایەتی دەکرێن لەلایەن کەمینەکانەوە یان ڕزگاربووانەوە، لە ڕووی بینین وپاڵپشتیکردنی دارایی ڕووبەڕووی دوورخستنەوە دەبنەوە. ئەم دۆخەش بەرۆڵی خۆی توانای ئەوان لەبارەدبات بۆ بەرفراوان بوون، دروستکردنی هاوپەیمانی یان کاریگەری دانان لەسەر سیاسەت. بەبێ وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی لە بنیاتنانی تۆڕی گشتگیر وپشتگیری هاوپەیمانێتیەکان، ئەم ڕێکخراوانە لەو سیستەمانەی کە تەرخانکراون بۆ پشتگیری کردنیان بەدابڕاوی دەمێننەوە[15].

لەناو هاوپەیمانییەکانیشدا، بەتایبەتیش تۆڕی ژن، ئاشتی وئاسایش(WPS) ، هەندێک لە بەشدارانی چاوپێکەوتنەکان باسیان لە بوونی ناوەندگەرایی دەسەڵات کرد لە نێو ئەو ڕێکخراوانەی کە دامەزراوترن وکۆنترۆڵی بینین، پاڵپشتی دارایی وپەیوەندییەکانی بەخشەرەکان دەکەن. ئەمەش ڕێکخراوە تازە سەرهەڵداوەکان دووردەخاتەوە، بێمتمانەیی دروستدەکات و ڕێگری لە تۆکمەیی

هەماهەنگی دەکات. ئەم تێکەڵە ئاڵۆزەی وەدەرنانی دەرەکی وبێدەسەڵاتکردنی ناوخۆیی دۆخەکە زۆر لاواز دەکات. هەروەک چاودێری ناوەخۆیی دەبێتە هۆکاری پەکخستنی ڕێکخراوە نوێکان، متمانە لاواز دەکات وهاوکاری وهەماهەنگی تێکدەدات. بەبێ چاکسازی لە حوکمڕانیدا، دیزاینی هاوپەیمانی گشتگیر ووەبەرهێنانی مەبەستدار لە بونیادنانی تۆڕدا، ئەم پێکهاتانە مەترسی بەهێزکردنی نایەکسانیەکان گەورەتر دەکەن لە جیاتی ئەوەی ببنە هۆکاری پشتگیری کردن.

## دەرفەت

### ***بەهێزکردنی کارامەیی ئامانجدار وپشتگیری دامەزراوەیی***

پرۆژەی نیسام NISAAM ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم ئالێنگاریانە دەداتەوە لە ڕێگەی پەرەپێدانی کارامەییەکان، فێربوون لە هاوتاکان، و زیادکردنی هەلەکانی دەستڕاگەیشتن بە پاڵپشتی دارایی. لە ڕێگەی بەستنەوەی ئەو ڕێکخراوانەی کەبەدەست کەمی سەرچاوەکانەوە بە بوارەکانی داکۆکیکردن وتۆڕەکانی بەخشەران، پرۆژەی نیسام NISAAM بەشداری لە بونیادنانی سەستەمێکی مافەکانی ئافرەتانی گونجاوترو گشتگیرتر دەکات. پێشتر گۆڕانکاری ئەرێنیمان لە ڕێگەی بەرنامەسازی یەکگرتووەوە بینیوە. بۆ نموونە، یەکێک لە بەشدارانی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان ئەمەی ووت:

> **... هەندێک لە هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی وەک "ڕێکخراوی ژن بۆ ژنانی نێودەوڵەتی" دەستیان کردووە بە گرنگیپێدان و وتێکەڵکردنی پرسی جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەری) لەگەڵ دۆخەکەدا. لە ڕێگەی هاوبەشیمان لەگەڵیان، ئێمە ئیعتیباراتی دۆخەکەمان تێکەڵ بە بەرنامەکە کردبوو... بۆمان دەرکەوت کاتێک ئێمە خۆڕاگری کەشوهەوا یان ڕێبازە ژینگەییەکان بە بەرنامەسازییەکانی ئێستامانەوە دەبەستینەوە، بەتایبەتی لەناو پرۆژەکانی بەهێزکردن یان پاراستنی ژنان، ئەوە پێشنیارەکانمان بەرز دەکاتەوە ودەستێوەردانەکانمان دەردەخات. لەڕاستیدا گرتنەبەری ئەم ڕێبازە دەرگای لەبەردەم هەندێک سەرچاوەی پاڵپشتیکردنی دارایی نوێدا کردەوە، هاوکارمان بوو لە کێشکردنی گرنگی پێدانی ئەو لایەنە بەخشەرانەی کە گرنگی دەدەن بە ڕێبازە تەواوکاری وداهێنەرەکانەوە.**

لەڕێگەی دەستپێشخەری پرۆژەی نیسامەوە ڕێکخراوی "ژن بۆ ژنانی نێودەوڵەتی" هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان ورێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەکات، نەک هەر تەنها لەرێگەی سەرچاوە داراییەکانەوە، بەڵکو لە ڕێگەی پشتگیری کردنی هونەری وپەرەپێدانی ڕێکخستن وپلاندانانی ستراتیژییەوە – ئەمەش توانای ئەوەیان پێدەدات کە هەستن بە بونیادنانی پرۆسەی خۆراگرتر وسەربەخۆتر[16]. ئەوەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ وەڵامدەرەوەیە بۆ تەنگژەی پاڵپشتیکردنی دارایی لەناکاو کە زۆرێک لە ڕێکخراوەکان دووچاری ببوونەوە، لە ڕێگەی دابینکردنی پشتگیریەکی گونجاوتر لەگەڵ پێداویستییە خۆجێییەکان وبەردوامێتی دامەزراوەیی وئامانجەکانی پاراستنی درێژمەودا. وە لەڕێگەی تێکهەڵکیشکردنی خۆڕاگری وئامادەیی بۆ ڕێکخستنی دەستپێشخەری، پرۆژەی نیسام هەربەتەنها هەڵناستی بە چارەسەر کردنی پاڵپشتیکردنی دارایی ڕاستەوخۆوە، بەڵکو هەڵدەستی بە چارەسەرکردنی کۆمەڵێک خاڵی لاوازی پێکهاتەیی قوڵتر کە وا لە ڕێکخراوەکان دەکات ڕووبەڕووی گۆڕانکاری پاڵپشتیکردنی دارایی لەناکاو ببنەوە. بەمەش، نموونەیێک پێشکەش دەکات کە دەریدەخات چۆن دەسپێشخەرییەکانی پاڵپشتیکردنی دارایی ئافرەتانە گرنگی بدەن بە هەریەک لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگا خۆجێییەکان وبەردەوامێتی دان بەو ڕێکخراوانەی کەلە هێلەکانی پێشەوە کاردەکەن.[17]



## ڕاسپاردە

### ***دابینکردنی پاڵپشتی دارایی سەرەکی خۆڕاگری درێژماوە بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان***

کشانەوەی لایەنە بەخشەرە سەرەکییەکان، لەگەڵ کەمیی پاڵپشتیکردنی دارایی مرۆیی، بووەتە هۆی دروستبوونی پاڵشتی دارایی کورتخایەن کەبەندن لەسەر بنەمای هەبوونی پرۆژەو چالاکی. ئەمەش بەئەندازەیێکی زۆر بووەتە هۆکاری پەراوێز خستنی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان. زۆرێک لەم ڕێکخراوانە ناچاربوون کە دەستبەرداری کارمەندەکانیان بن، کە بووە هۆکاری لەکیس چوونی کۆمەڵێک کارامەیی ناوەخۆیی زۆرگرنگ، وهەڵەپەساردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری سەرەکی وەک بەڕێوەبردنی پرسەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی وهاوکاری یاسایی. هەروەک دۆخی پاڵپشتیکردنی دارایی هەنووکەیی بەشێوەیەکی نایەکسان هەڵدەستێ بە گرنگیدان بە ڕێکخراوە ناحکومیە گەورەکانی ناوەندی شارەکان کە خاوەنی پەیوەندی بەهێزن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری زیاتر پەراوێزخستنی ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتانی گوندەکان وتازە دروست بووەکان.

**ڕێکاری پێشنیار کراو: پێویستە لەسەر بەخشەرەکان ورێکخراوە ناحکومیە نێودەولەتییەکان وئاژانسە فرەلایەنەکان وهاوبەشە نیشتیمانییەکان هەستن بەم ڕێکارانەی خوارەوە:**

1. دامەزراندنی **پاڵپشتیکردنێکی دارایی دامەزراوەیی چەند ساڵەیی** کە ئامانجی بەهێزکردنی خۆڕاگری ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان بێت. وپێویستە ئەمانەی خوارەوەش بگرێتەوە:
   - **کۆمەڵێک میکانیزمی ئیدارەکردنی دارایی بەهێز** بۆ باشترکردنی لێپرسینەوە وتوانابەخشین بە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان بۆ گەیشتن بە ئیدارەکردنی هەگبەی ئاڵۆزترو گەورەتر.
   - **میکانیزمەکانی سەرچاوە مرۆییەکان و پابەندبوون،** لەنێویشیاندا پەرەپێدانی سیاسەتەکانی پاراستن، ڕێکارەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و کردەی دامەزراندنی دادپەروەرانە.
   - **پەرەپێدانی ستراتیژێکی ڕێکخستن بۆ هەماهەنگیکردن** لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان بۆ دیاریکردنی خاڵە گرنگە درێژمەوداکان وهەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی پاڵپشتیکردنی دارایی وخۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکاندا.
   - **پلاندانان بۆ جێنشینی وپەرەپێدانی سەرکردایەتی** بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان وبونیادنانی ڕایەلەیەک لە سەرکردە ژنە لێهاتووەکان، بەتایبەتیش لەو کۆمەڵگایانەی کەمتر نوێنەرایەتیکراون.
2. دڵنیابوونەوە لەوەی کە پاڵپشتیکردنە داراییەکە سەرجەم تێچوونە سەرەکی وگشتییەکان بەئەندازەی پێویست لە خۆدەگرێت (بۆ نموونە، کرێ، خزمەتگوزارییەکان، سیستەمی تەکنەلۆژیای زانیاری ((IT) ) بودجەی تایبەت بۆ خۆشگوزەرانی کارمەندان، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی مەترسی بێزاربوونی ئەو کرێکارانەی کە لە هێڵەکانی پێشەوە کاردەکەن. ئەمەش ڕەنگە نا تەندروستی دەروونی، بوارگرانی ئەو کارانەی کە شیاوی ئیدارەکردنن، هەروەها هەلەکانی پەرەپێدانی پیشەیی بگرێتەوە.
3. دروستکردنی کۆمەڵێک سەندوقی دارایی خۆڕاگر کە بتوانن وەڵامی گۆڕانی بارودۆخەکان وقەیرانە سەرهەڵدوەکان بدەنەوە. ئەمانە توانای ئەوە بەرێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان دەدەن کە جارێکیتر سەرچاوە داراییەکان بۆ پێداویستییە بەپەلەکان تەرخان بکەنەوە (بۆ نموونە، زیادبوونی لەناکاوی حاڵەتەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لە کاتی ململانێکاندا) بەبێ ئەوەی پێویستیان بە ڕەزامەندی درێژخایەنی بەخشەرەکان هەبێت.
4. گرنگیدان بەتوانای دەست گەیشتن بە پاڵپشتی کردنی دارایی ڕێکخراوکانی مافەکانی ئافرەتان ئەوانەی کە کۆمەڵگا خۆجێییەکان وگوندییەکان سەرکردایەتیان دەکەن لە ڕێگەی ئاسانکاریکردن لە داواکارییەکانی پێشکەشکردنی پڕۆژەو پێڕاگەیاندن، وفەراهەمکردنی پشتگیری مەشق وڕاهێنان لە کاتی پڕۆسەی بەخشیندا، وتەرخانکردنی ڕێژەیەک لە پارە بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە تازە دروست بوون یان بچوکترن.



## 2. ژینگەی سیاسی، یاسایی، ودامەزراوەیی

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە لە دانانی چوارچێوەی یاسایی ودامەزراوەیی بۆ پاڵپشتیکردنی مافەکانی ئافرەتان، لەنێویشیاندا یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ساڵی 2011، ودروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان وئەنجومەنی باڵای خانمان وگەشەپێدان.[18] ئەم ئۆرگانانە دەتوانن دەرفەت بۆ کارلێککردنی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت وکۆمەڵگەی مەدەنی برەخسێنن. لە هەمان کاتدا، تاکو ئێستاش رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان ڕووبەڕووی ئالێنگاری گەورە دەبنەوە. دژیەکبوونە یاساییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم وعێراقی فیدراڵی، پێکداچوونی پسپۆرێتییە دادوەرییەکان، ئەو کێشانەی کە پاڵنەری سیاسییان لە پشتە، هەموویان کۆمەڵێک هۆکارن کە کۆسپ دەخەنە بەردەم کارایی بەرنامەکان. دواکەوتنە بیرۆکراتییەکان، نەبوونی هەماهەنگی ودورخستنەوەی سیستماتیکی، بەتایبەتی ئەم رێکخراوانەی کەمینەکان سەرکردایەتییان دەکەن، متمانە بە دامەزراوەکان لاواز دەکەن وجێبەجێکردنی کارنامەی ژن، ئاشتی وئاسایش خاو دەکەنەوە.

### ئالێنگاری

#### *حوکمڕانی پارچەپارچە وناتەبایی یاسایی*

ئەو ڕێکخراوانەی کە لە هەرێمی کوردستان وعێراقی فیدراڵ کاردەکەن، ڕووبەڕووی ئاستەنگی بیرۆکراتی وسیاسی بەرچاو دەبنەوە. یاساکان وەک یەک نین، وپرۆسەی ڕەزامەندیدانی دووبارە هەیە، کێشمەکێشی تایبەت بە دەستەڵاتەکان لە نێوان هەولێر وبەغدا بەرنامەکان پەکدەخەن، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی وەک شنگال ونەینەوا وکەرکوک. هەروەک یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان باسی لەوەکرد کە: *"ئەگەر لە کەرکوک یان نەینەوا کاربکەیت، دەبێت ڕەزامەندی هەردوو لایەنی بەغدا ولایەنی هەولێر وەربگریت، هەندێکجار هیچ کامیان پەسەندی ناکەن ئەگەر ئەوی دیکەیان یەکەمجار نەیکات".*

لە یەکێک لە حاڵەتەکاندا، ڕێکخراوێکی بواری مافی ئافرەتان باسی لەوە کرد کە ناچار بووە پرۆژەیەکی چاکسازی یاسایی هەڵبوەشێنێتەوە دوای ئەوەی بەغدا پەرلەمانی کوردستانی هەڵپەسارد، ئەمەش نیشانی دەدات کە چۆن کێشە سیاسییەکانی سەر ئاستی فیدراڵی دەتوانن دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکان هەڵبوەشێننەوە. زۆرجار وەرگرتنی مۆڵەت پێویستی بە رەزامەندی ئەمنی هەیە لە چەندین دەسەڵاتەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری دواکەوتنی کارەکە بۆ چەند مانگێک. بەشداربوویەک لە کاتی گفتوگۆی فۆکەس گروپدا باسی لەوە کرد: "مۆڵەتی ئێمە دواکەوت چونکە فەرمانگەی فیدراڵی داوای ڕەزامەندی حکومەتی هەرێمی دەکرد، وحکومەتی هەرێمیش بەبێ هەبوونی رەزامەندی بەغدا هیچ هەنگاوێکی نەدەنا - لە ئەنجامدا سێ مانگمان لەدەستدا".

ئەم ئیفلیجییە لە بواری کارگێری وحکومەتدا لە سیستەمی دوو حوکمڕانی عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە هەریەک لە حکومەتی هەرێم وحکومەتی فیدراڵی چوارچێوەی یاسایی وکارگێری جیاوازیان هەیە وزۆرجاریش پێکناکۆکن. هەر پرۆژەیەک، تۆمارکردنێک یان دەستپێشخەرییەک پێویستی بەوە هەیە کە لە چەند ئاستێکەوە ڕەزامەندی وەربگریت: هەر لە وەزارەتەکانەوە بگرە تادەگات بە بەڕێوەبەرایەتیەکان وتا هێزە ئەمنییەکان وتاگروپە میلیشیاییەکان. هەروەک یەکێک لە رێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان ووتی: "هەر لایەنێک کۆنترۆڵی دەوێت. ئێمە دەچینە فەرمانگەکانی فیدراڵی، ئەوانیش پێمان دەڵێن: بگەڕێنەوە بۆ لایەنی حکومەتی هەرێم. ئەمە لە نەینەوا باو بووە".

نەبوونی هەماهەنگی نەک هەر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دوادەخات بەڵکو بە شێوەیەکی نابەرامبەریش کاریگەری لەسەر ڕێکخراوەکانی کەمینەکاندا هەیە، بەتایبەتی گروپە ئێزیدیەکان، کە ڕووبەڕووی دوورخستنەوەیەکی سیستماتیکی بوونەتەوە. هەروەک یەکێک ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی ئافرەتانی ئێزیدییەکان گووتی: "ئەم رێکخراوانەی لە لایەن ئێزدییەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێن متمانەیان پێناکرێت. پرسیاری زیاتر دەکەن، داوای بەڵگەی زیاتر دەکەن. هەمیشە پێویستمان بە کەسێکە کە 'کەفالەت'مان بکات." تەنانەت ڕێکخراوە ناحکومییە کۆنەکانیش بەهۆی گۆڕانکارییە ئیداری یان سیاسییەکانەوە ناچارن تەواوی پرۆژەکان ئاراستە بکەنەوە، ئەمەش تێشک دەخاتە سەر ئەوەی کە دۆخی کارکردن چەندە نالەبارە. ئەم دواکەوتنانە دەتوانن لێکەوتەی خراپیان هەبێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، بە تایبەتی لەو حاڵەتانەی کە ڕزگاربووانی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، چونکە کات ونهێنی لەم حاڵەتانەدا زۆر گرنگە. بە کردەوە ئەمە بەو مانایەیە کە ئەم ڕێکخراوانەی کەمینەکان سەرکردایەتیان دەکەن، دەبێ سەرچاوەی زۆر زیاتر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکراسیەتی ئیداری خەرج بکەن، ئەمەش وادەکات کە سەرچاوەی کەمتریان بۆ بمێنێتەوە بۆ ئەنجامدانی کارە مەیدانییەکان.

هەروەها بوونی سیستەمێکی ئیداری وسیاسی پارچە پارچە دەبێتە هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵێک بۆشایی یاسایی، بە تایبەت لە بوارەکانی وەک لێپێچینەوە لە توندوتیژییەکان لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، مافەکانی هاوسەرگیری، وئەرکەکانی

خزمەتگوزاری، وکارکردن لە بواری مافەکانی ژنان ڕووبەڕووی بەسیاسیکردن دەبێتەوە. لە پێکهاتە پەراوێزخراوەکانی وەک شەنگالدا، ئەم بەربەستە بیرۆکراتییانە وەک ئامرازی دوورخستنەوە کاردەکەن، ودەنگی کەمینەکان کپدەکەن، ودەستێوەردانەکانی مافەکان خاو دەکەنەوە کە زۆرجار هەستیارن لەڕووی کات ورزگار کەری ژیانن. لە ئەنجامدا، گەیاندنی پشتگیری سەرەکی دەبێتە شتێکی دەمارگیرانە، بەند نییە لەسەر پێویستی یان مافەکانەوە، بەڵکو بەندە لەسەر بوونی دەستەڵاتێکی زاڵ لە هەر ناوچەیەکدا و لە کاتێکی دیاریکراودا.

## دەرفەت

### *بەشداریکردنی حکومەت لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا*

سەرەڕای بوونی کۆمەڵێک ئالینگاری لەرووی پێکناکۆکبوونی یاساییەوە، سەرنجدرا کە ئەو ڕێکخراوانەی تایبەت بە مافەکانی ئافرەتان کە لەهەرێمی کوردستاندا کاردەکەن، بەتایبەت لە هەولێر ودهۆک، تائەندازەیەک لەگەڵ دام ودەزگا حکومییەکاندا پەیوەندی بەهێزتریان هەیە. بە بەراورد لەگەڵ بەغدا کە کۆمەڵگەی مەدەنی زۆرجار ڕووبەڕووی ناڕوونی یان تۆقاندن دەبێتەوە، دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بەوە وەسف دەکرێن کە ئاسانتر دەتوانن پێیان بگەن وکراوەترن بۆ پەیوەندی وبەشداریکردن. چەندین ڕێکخراوی بواری مافەکانی ئافرەتان باسیان لەوە کردوە کە یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنیان لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم واژۆ کردووە، بەشێویەکی ڕێک وپێک بەشدارییان لە کۆبوونەوەکانی هەماهەنگیدا کردوە. بەشدارییان لە پێشکەشکردنی بەرنامەکانی وەڵامدانەوەی توندو تیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی کردوە. ئەم ئاستە لە کراوەیی دامەزراوەیی ڕێگە بەرێکخراوەکانی بواری مافەکانی ئافرەتان دەدات کە بەرنامەکانیان بخزێننە نێو چوارچێوە یاساییەکانەوە، گومانی گشتی کەم بکەنەوە وبەسەلامەتی وشەرعیەتی زیاترەوە داکۆکیکردن لە سیاسەت و بەدواداچوون بۆ کارەکانیان بکەن. یەکێک لە ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی ئافرەتان ئەوەی دەرخست کە:

> **ئێمە لێرە باشتر دەستمان بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت گەیشتوە. گفتوگۆ بەردەوامە، وزۆرجار پرۆژەکان بەبێ دواکەوتن پەسەند دەکرێن لەکاتێکدا کە لە ناوچە فیدراڵیەکاندا کاتێکی زۆریان پێدەوێت.**

ئەم جەختکردنەوە لە سەر پێداویستی وەلامدانەوەی تایبەت بە کاروباری تایبەت بەمافەکانی ئافرەتان جاریکیتریش تەئکید کرایەوە نەک هەر لەنێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و عێراقی فیدراڵدا بەڵکو لەنێو هەر ناوچەیەکی جوگرافیدا.

ئەم ژینگە توانابەخش وهاندەرە زۆر گرنگە بۆ کاریگەری درێژخایەن. ئەمە سەکۆیەک بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دابین دەکات بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ لایەنەکاراکانی دەوڵەت، وبەشداریکردن لە دروستکردنی سیاسەتەکانی بەدەنگەوەچوون، وکاراکردنی جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی عێراق لە بواری ژن، ئاشتی وئاسایشدا. بوونی میکانیزمەکانی وەک کۆبوونەوەی هەماهەنگیکردن، لیژنە هاوبەشەکان ویادداشتنامەی لێکتێگەیشتن یارمەتیدەرن بۆ بەفەرمیکردنی بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە ڕێگە بە پلاندانان ولێپرسینەوەی درێژخایەن دەدات. لەگەڵ ئەمەشدا، نابێت زیادەرەوی لە هێزی ئەم دەرفەتانەدا بکرێت.

تاکوئیستاش جێبەجێکردن هاوبەرامبەر نییە، بە تایبەت لە دەرەوەی ناوچە شارییەکان، وهەندێک لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتی دارایی یان دەسەڵاتی سیاسییان نییە، ئەمەش کاریگەرییەکانی کاری هاوبەش سنووردار دەکات. سەرەڕای ئەوەش، بوونی کۆمەڵێک دامەزراوەی ئامادە بۆ بەشداریکردن بەشێویەکی ئامانجدار لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتاندا بە خەسلەتێکی ناوازە هەژماردەکرێت لە چوارچیوەی حوکمڕانێتی پارچەپارچە لە عێراقدا، لە ڕێگەی پرۆژەی نیسامەوە، ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی و هاوبەشەکانی بەردەوام دەبن لە هاوکاریکردن لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ بەهێزکردنی ئەم ژینگە توانا بەخش وهاندەرە و بنیاتنانی گوڕوتینێک بەرەو چاکسازی بەردەوام و لەسەر بنەمای مافەکان.

هەلومەرجی هەرێمی کوردستان چەندین دەرچەی گرنگ دەخاتەڕوو کە تیایدا وەبەرهێنانی لایەنە بەخشەرەکان دەتوانێت نەک هەر کاریگەر بێت، بەڵکو ببێتە پاڵنەرێکی بەهێز. یەکخستن وهاوئاهەنگکردنی چوارچێوە یاساییەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراقی فیدراڵ دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی پەککەوتنی کارگێری لە ناوچە جێناکۆکەکاندا. هەروەها، دابینکردنی بودجەیەکی درێژخایەن وگونجاو بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەبێتە بنچینەیێک بۆ بەهیزکردن وبەردەوامیی

پرۆگرام وچالاکییەکان. هەروەها دابینکردنی پارێزبەندی یاسایی نوێ بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەرتی ناوبراو لە هەڕەشە ئایدیۆلۆژییەکانی داهاتوو دەپارێزێت.



## ڕاسپاردە

### *ئاسانکردنی پرۆسە یاسایی وئیدارییەکان بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان*

ڕێکخراوەکانی مافی ژنان زۆرجار بەهۆی بەریەککەوتنی سیستەمەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وعێراقی فیدراڵی، دووچاری کۆمەڵێک ژینگەی یاسایی وکارگێڕی ئاڵۆز دەبنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دوولایەنە بوونی ڕێکارەکان، خاوترکردنی جێبەجێکردنی بەرنامەکان، ڕووبەڕوو بونەوەی زەحمەتی زۆر لە گەیشتن بە هەندێک ناوچە یان سەرچاوەی دیاریکراو. ڕەنگە ئەو ڕێکخراوانەی مافەکانی ئافرەتان کە کەمینەکان سەرکردایەتیان دەکەن، لەنێویشیاندا ڕێکخراوە ئێزیدیەکان، ڕووبەڕووی بەربەستی زیاتر ببنەوە کە پەیوەندییان بە چوارچێوە سیاسی ونەژادیەکانەوە هەیە.

**ڕێکاری پێشنیارکراو:** دەبێ بەخشەرەکان، ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، دەزگا فرەلایەنەکان وهاوبەشە نیشتمانییەکان هەستن بەم ڕێکارانەی خوارەوە:

1. ئاسانکردنی هاوکاری نێوان حکومەتی هەرێم وحکومەتی فیدراڵی بۆ پەرەپێدانی پرۆتۆکۆڵی هاوبەشی کۆمەڵگەی مەدەنی کە پشتگیری لە کار وپرۆسەکانی ریکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان دەکەن. کەبریتیین لە:
   - پرۆسەی تۆمارکردنی هاوبەش بۆ سنوردانان بۆ دواکەوتن ودووبارە بوونەوە
   - دروستکردنی میکانیزمەکانی ڕەزامەندییە ئەمنییەکان بۆ ئاسانکردنی دەست گەیشتن بە ڕەزامەندیی و ڕێگەپێدانەکان.
   - دانپێدانانی یاسایی بە چوارچێوەکانی پاراستنی مافەکانی ژنان بۆ زامنکردنی پێکگونجانی نێوان دەستەڵاتە دادوەرییەکان.
2. پەرەپێدانی ڕێکارەکانی مۆڵەتپێدان ورەزامەندییە تەواوەکان لە ڕێگەی وەزارەت وبەڕێوەبەرایەتییەکان وپارێزگاکان بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی توانابەخش وهاندەر بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان.



## 3. خولەکانی هەڵبژاردن وبەشداریکردنی سیاسی ئافرەت

هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی داهاتووی عێراق لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥دا هەلێکی ستراتیژی بۆ رێکخراوەکانی بواری مافەکانی ئافرەتان دروست دەکات بۆئەوەی کاریگەری خۆیان لەسەر گوتاری سیاسی دروست بکەن. وپشتگیریکردنی کاندیدە ژنەکان بکەن، ولێپرسینەوە لە حیزبەسیاسیەکان بەرامبەر بە پابەندبوونەکانیان بە یەکسانییەکانی نێوان هەردوو رەگەز بکەن، بەتایبەتیش لەرێگەی داکۆکیکردن لە پێش هەڵبژاردنەکان ودروستکردنی هاوپەیمانێتی. هەرچەندە هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا هەمیشە بەهۆی ناسەقامگیری سیاسی وگرژیی تائیفی وسنوورداربوونی پانتایی مەدەنییەوە دەشێوێندرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەیەکێک لەو چرکەساتە کەمانە هەژمار دەکرێت کە تیایدا کارەکتەرە سیاسیەکان بە گوڕو تینەوە هەوڵدەدەن بۆ بەدەست هێنانی رەوایەتی گشتی.

### ئالێنگاری

***پشکە رەمزییەکان***

سەرەڕای پابەندبوونە یاساییە فەرمیەکان، کەلێنێکی بەرچاو لە نێوان یاساکان وجێبەجێکردنی کردەییاندا هەیە. زۆرێک لە بڕگە یاساییەکانی ئێستا مەرجی سنووردارکەریان تێدایە کە توانای ژنان بۆ بەشداریکردنی تەواو، یەکسانی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا لاواز دەکەن. بۆ نموونە، ماددەی (٣٨)ی دەستووری عێراق ئازادیی دەربڕین گەرەنتی دەکات – بەڵام سنووردار دەکرێت لەو حاڵەتانەی کەتیایدا 'سیستەمی گشتی' و 'ڕەوشت' لە ژێر مەترسی دان[19]. ئەم بڕگەیە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن دەسەڵاتداران لە هەردوو لایەنی هەرێمی کوردستانی عێراق وعێراقی فیدراڵی بەکارهێنراوە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ سنووردارکردنی بەرفراوان بۆ ئازادی ڕادەربڕین، کە بە شێوەیەکی نابەرابەر کاریگەری لەسەر کەمینەکان و ژنان دادەنێت.

بە هەمان شێوە، ماددەی (٤٩)ی دەستوور سیستمێکی پشک (کۆتا) دادەمەزرێنێت بۆ برەودان بە بەشداریی سیاسیی ژنان، بە جۆرێک کە مەرجی داناوە کە لانیکەم ڕێژەی ٢٥٪ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ ژنان بێت[20]. ئەم سیستەمە لە دوای جێبەجێکردنییەوە، نوێنەرایەتیی پەرلەمانیی ژنانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد کردووە، لە ڕێژەی نزیکەی ٦-٨٪ ی پێش دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ەوە بۆ ڕێژەی نێوان ٢٥٪ و٢٩٪ لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا. لە کاتێکدا ئەم میکانیزمە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لە باشترکردنی نوێنەرایەتیی ژمارەیی ئافرەتاندا، کەچی شێوازی جێبەجێکردنەکەی ڕەنگدانەوەی بەربەستی قووڵتری پێکهاتەیی وکولتوورییە. لایەنە سیاسییەکان، بۆ پڕکردنەوەی مەرجەکانی کۆتا، زۆرجار کەسە نزیکەکان وخزمانی مێینەی

سەرکردە یان ئەندامە پیاوەکانیان کاندید دەکەن، کە زۆرێکیان ئەزموونی سیاسی یان کاریگەریی سەربەخۆیان نییە. ئەم پراکتیزەیە، توانای گۆڕانکاریخوازیی سیستەمی کۆتا سنووردار دەکات وشێوازە ڕووکەشییەکانی بەشدارییپێکردن پتەوتر دەکات.

هەروەک یەکێک لە ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی ئافرەتان ئاماژەی بەوەدا:

> **هەرچەندە ژنان کورسی لە ئەنجومەنەکاندا بەدەست دەهێنن یان پۆستی فەرمی وەردەگرن، بەڵام زۆرێکیان لەو پرۆسانەی بڕیاردانی ڕاستەقینە دوور دەخرێنەوە کە سیاسەتەکان دادەڕێژن یان سەرچاوەکان تەرخان دەکەن. ئامادەبوونیان زۆرجار ئامادەبوونێکی ڕەمزییە وتەنها بۆ پڕکردنەوەی مەرجەکانی کۆتایە، نەک ڕەنگدانەوەی بەشدارییپێکردنێکی سیاسیی ڕاستەقینە بێت. سەرەڕای ئەوەش، نۆرمە پیاوسالارییەکان لەناو دامەزراوە وپارتە سیاسییەکاندا بۆچوونەکانیان پەراوێز دەخەن، وژمارەیەکی کەم لە ژنان پۆستی باڵای سەرکردایەتییان هەیە یان کاریگەرییان لەسەر ئەجێندا سیاسیە سەرەکییەکاندا هەیە**

کێشانەوەی پشتیگیری گونجاوی قۆناغی پێش هەڵبژاردن، کە بەهۆی لەدەستدانی بەخشەرە سەرەکییەکان و کورتهێنانی پاڵپشتی دارایییەوە ڕوویداوە، زیانێکی گەورەی هەیە، چونکە یەکێک لەو دەرفەتە دەگمەنانە لەناودەبات کە ڕێکخراوەکانی ژنان دەتوانن تێیدا بە ئاشکرا و بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە و کاردانەوەی نەرێنی کار بکەن، چ وەک کاندید یان وەک داکۆکیکار لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا. ئەم ڕۆشەنبیرکردنە مەدەنی وسیاسییەی کە لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکاندا ئەنجام دەدرێت، هەمیشە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە زیاتر قبوڵ دەکرێت، تەنانەت لە ناوچە پارێزگارەکانیشدا. بەبێ بوونی پاڵپشتی دارایی پێویست، ڕێکخراوەکانی ژنان نەک تەنها توانای گەیشتن وپەیوەندییان لەدەست دەدەن، بەڵکو ئەو قەڵغانە پارێزەرەش لەدەست دەدەن کە گوتاری هەڵبژاردن دابینی دەکات.

## دەرفەت

### *شێوازی هاوکارانەی پاڵپوراوە جۆراوجۆرەکان*

سەرەڕای هەموو ئاڵنگارییەکان، خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکانی عێراق، دەرفەتێک بۆ دەرکەوتن وگۆڕانکاری لە شێوازی کارکردندا دەڕەخسێنێت. لە خولی پێشووی هەڵبژاردنەکاندا، ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەریەک لە هەرێمی کوردستان وعێراقی فیدراڵدا توانیان بەڵێنی ئاشکرا لە کاندیدەکان وەربگرن بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسا جیاکارییەکان، لەنێویشیاندا بەشێک لە یاسای باری کەسی. هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە هێشتا ئاڵنگارییەکی گەورەیە، بەڵام پرۆسەی وەرگرتنی بەڵێنی ئاشکرا وکارکردن لەگەڵ میدیادا یارمەتیدەر بوو لە بەرزکردنەوەی ئاستی پرسی ژنان لەناو سەکۆ سیاسییەکاندا.

لەم ماوەیەی داهاتووی هەڵبژاردندا، ڕێکخراوەکانی ژنان پلانی ستراتیژی دادەنێن بۆ ئەنجامدانی چالاکی بەمەبەستی هاندانی بەشداریی ژنان، چ وەک دەنگدەر یان وەک بەرپرسی هەڵبژێردراو. ئەمەش کاری کەمکردنەوەی مەترسییەکان لەخۆدەگرێت بۆ پاراستنی ژنانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ (WHRDs) لە تەواوی کەمپەینەکانیاندا، هەروەها کارکردن لەگەڵ دەستە سەربەخۆکانی هەڵبژاردن وەک هاوپەیمانیی ژنانی کوردستان وئەنجومەنی باڵای خانمان، کە بە سەرکەوتوویی داکۆکییان کردووە بۆ دابینکردنی پارێزبەندی لە دژی وتاری ڕق وکینە. هەندێک هەماهەنگیی نێوان هەرێمەکانیش لە ئارادایە، بەتایبەتی لەڕێگەی هاوپەیمانیی ڕێکخراوەکانی ژنان وتۆڕە نافەرمییەکانی داکۆکیکارییەوە کە گروپەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وعێراقی فیدراڵ بەیەکەوە دەبەستنەوە. بەڵام، هەماهەنگیی دامەزراوەیی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وپێکهاتە فیدراڵییەکاندا هێشتاش سنووردارە، وزۆرێک لە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان بە جیا کار لە هەردوو هەرێمەکەدا دەکەن، بە پشتبەستن بە شوێنی تۆمارکردن وبنکەی کارکردنیان.

هەڵبژاردنەکان دەرفەتێکی کاتی بەڵام چارەنووسساز دەڕخسێنن بۆ تێکهەڵکێشکردنی پرسی یەکسانییەکانی نێوان نێر ومێ بۆ ناو گوتاری سیاسیی ئاسایی. بەبێ پشتیوانیێکی ئاراستەکراو لە ئێستادا، لەوانەیە ئەو دەرفەتە لەدەست بچێت، کە دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەراوێزخستنی دەنگە فێمینیستەکان لە قۆناغی سیاسیی داهاتووی عێراق. خولەکانی هەڵبژاردن دەروازەیێکی گرنگن بۆ تێکەڵکێش کردنی ئەجێندای " ژن، ئاشتی وئاسایش" (WPS) وگێڕانەوەکانی یەکسانیی نێوان هەردوو رەگەز لەگەڵ گوتاری گشتیدا، بەتایبەتیش لە گوتاری گشتی ولەناو سەکۆی پارتەسیاسیەکاندا. ڕێکخراوەکانی ژنان دەتوانن ئەم دەرفەتە بەکاربهێنن بۆ دارشتنی ئەجێندای کاندیدەکان، کۆکردنەوەی دەنگدەرانی ژن، ودروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەو کاندیدانەی کە خاوەن

تیروانینی چاکسازیخوازانەن[21]. پێویستە لایەنە بەخشەرەکان وهاوبەشەکان وەبەرهێنان لە گەشەپێدانی تواناکانی قۆناغی پێش هەڵبژاردندا بکەن، وەک کەمپەینی میدیایی و ڕاهێنانی کاندیدەکان وچاودێریکردنی پابەندبوونە سیاسییەکانی پەیوەست بە مافەکانی ژنان.

## ڕاسپاردە

### *پشتگیریکردنی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەت بۆ سوودوەرگرتن لە هەڵبژاردنەکان وەک سەکۆیەک بۆ یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز*

هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی داهاتووی عێراق لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، دەرفەتێکی ستراتیژی بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان (WROs)دەڕەخسێنێت تا کاریگەرییان لەسەر گوتاری سیاسی هەبێت، پشتیوانی لە کاندیدە ژنەکان بکەن، ولایەنە سیاسییەکان بەرپرسیار بکەن لە جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانیان بەرامبەر بە یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز.

سەرەڕای بوونی هەندێک حوکمی یاسایی فەرمی، وەک سیستمی کۆتای پەرلەمانی تەرخانکراو بۆ ژنان، هێشتا بەربەستە پێکهاتەیی وکولتوورییەکان بوونیان هەیە وبەشداریی سیاسی کاریگەری ژنان سنووردار دەکەن. پراکتیزەکردنی کاندیدکردنی ڕەمزی ونۆرمە پیاوسالارییە ڕەگداکوتاوەکان، ڕۆڵی ژنان تا ئاستی ئامادەبوونێکی ڕەمزی کەم دەکەنەوە، لەبری ئەوەی کاریگەرییەکی بنەڕەتییان هەبێت. قۆناغەکانی پێش هەڵبژاردن دەرفەتێکی گرنگ بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرکردنی مەدەنی ئەنجام بدەن، هۆشیاریی گشتی بەرز بکەنەوە و داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکەن بە کەمترین کاردانەوەی نەرێنی.

**ڕێکاری پێشنیازکراو: پێشنیاز دەکرێت: کە پێویستە لەسەر لایەنە بەخشەرەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان، ئاژانسە فرەلایەنەکان وهاوبەشە نیشتمانییەکان کە هەستن بەم کارانەی خوارەوە:**

1. دابینکردنی پشتیوانییێکی ئاراستەکراو وگونجاو لە قۆناغی پێش هەڵبژاردن بۆ ڕێکخراوەکانی ژنان. کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

- ئەنجامدانی مەشق وراهێنان بە پاڵێوراوەکان، هاوکات لەگەڵ جەختکردنە سەر لێهاتووییەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن، بەشداریکردنی گشتی، وئاسایشی دیجیتاڵی وجەستەیی.
- هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی گشتی ومیدیایی بۆ کۆکردنەوەی دەنگدەرە ژنەکان وتیشک خستنە سەر یەکسانییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەز لە سەکۆ سیاسیەکاندا.
- پشتگیری کردنی داکۆکیکارانە لە پێناو بەردەوام بوون لەگەڵ پارتە سیاسیەکان ودامەزراوەکانی هەڵبژاردنە سەربەخۆکان بۆ زامنکردن وچاودێریکردنی پابەندییەکان بە مافەکانی ئافرەتانەوە.

2. هاوکاریکردن بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەکانی کەمکردنەوەی مەترسی، بەمەبەستی پاراستنی ژنانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ بە درێژایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، لەڕێگەی یارمەتیی یاسایی، پشتیوانیی دەروونی-کۆمەڵایەتی، و میکانیزمەکانی وەڵامدانەوەی خێرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وتاری ڕق وکینە وگێچەڵپێکردن.
3. پشتیگیریکردنی هەوڵە بەردەوامەکانی چاودێری ولێپرسینەوە، بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پابەندبوونەکانی لایەنە سیاسییەکان وکاندیدەکان سەبارەت بە یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز لە دوای قۆناغی هەڵبژاردنیش.
4. کارئاسانی بۆ دروستکردنی هاوبەشێتی لەنێوان ڕێکخراوەکانی ژنان ودەستە سەربەخۆکاندا، وەک هاوپەیمانیی ژنانی کوردستان وئەنجومەنی باڵای خانمان، بەمەبەستی بەدامەزراوەییکردنی چاکسازی وپارێزبەندییەکانی هەڵبژاردن کە ڕەچاوی جۆری کۆمەڵایەتی بکەن.

## 4. بچووککردنەوەی کەشێکی مەدەنی وپەرچەکرداری نەرێنی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەری)

هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی نیمچە-سەربەخۆیە (فیدراڵییە) وخاوەنی حکومەت، پەرلەمان و هێزی ئەمنیی تایبەت بە خۆیەتی. ئەم سەربەخۆییە بە درێژایی مێژوو وایکردووە کەشێکی مەدەنیی کراوەتری هەبێت بە بەراورد بە عێراقی فیدراڵ، بەتایبەتیش بۆ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان ورێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم ئازادییانە ڕووبەڕووی هەڕەشەی بەردەوام دەبنەوە. بەرزبوونەوەی خواستی ئایدیۆلۆژیای پارێزگارانە، یاسا کۆتوبەندەکان، گەشەکردنی دوژمنایەتی لە لایەن ڕێکخراوە گشتییەکان و حکومییەکان، ئەمانە گشتیان هۆکارن کە پانتایی کاری مەدەنی لە سەرجەم شوێنەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرتەسک دەکەنەوە. لەکاتێکدا ئاستی جیددیەتی ئەم کۆت وبەندانە جیاوازن لەمانەی کە لە سەر ئاستی عێراقی فیدراڵدا هەن. ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان سەرنجیان داوە کە کاریگەریەکی پەکخەریان هەیە لە سەر کارەکانیان، بەجۆرێک ناچاری کردون بە گونجاندنی ستراتیژیەتەکانیان و زمانیان و شوناسی ڕێکخراوەییان.

### ئالێنگاری

***بەرزبوونەوەی ئاستی پارێزگاری ئایدیۆلۆژی و کۆت و بەندە یاساییەکان***

لە هەرێمی کوردستاندا، بچووکبوونەوەی کەشی مەدەنی ڕەنگدانەوەی فشارەکانی سەرەوە-بۆ-خوارەوە (فشاری حکومەت) وخوارەوە-بۆ-سەرەوە (فشاری کۆمەڵگە)یە. گۆڕانکارییە یاساییەکان ڕێگەیان خۆش کردووە بۆ چاودێریکردن و بەئامانجگرتنێکی وردتری ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان، لە هەمان کاتدا، سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیا ئایینییە توندڕەوەکان بوونەتە هۆی هاندانی گروپ کەسایەتییە کۆنەپەرستەکان. یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان کە بەشداربوو لە گفتوگۆی فۆکەس گروپدا (FGDs) باسی ئەوەی کرد: "سەرهەڵدانی توندڕەویی سەلەفی لە سلێمانی کەشی بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بچووک کردووەتەوە. دەسەڵاتداران زۆرجار پشتیوانی لەم گروپانە دەکەن، چونکە ئەوان دژی حکومەت ناوەستنەوە." ئەم هاوپەیمانییەی نێوان دەستەبژێری سیاسی وگروپە کۆمەڵایەتییە پاشکەوتووخوازەکان، بووەتە هۆی پەراوێزخستنی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەسەر مافەکانی مرۆڤ یان دۆسیە فێمینیستییەکان کار دەکەن. ئەم ڕێکخراوانە ڕووبەڕووی لەکەدارکردن، وهەڕەشەی ڕاستەوخۆ ودەرفەتی سنووورداری گەیشتن بە کۆمەڵگەکان دەبنەوە. جێگەی سەرنجە کە ئەم ژینگەیە دامەزراوە حکومییەکان سارد دەکاتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گوتارە توندڕەوەکان، ئەمەش ڕێکخراوەکانی ژنان بەبێ هیچ هاوپەیمانێکی حکومی دەهێڵێتەوە بۆ پاراستنی کەشی کارکردنیان.

***خۆپاراستن لەڕوی زمانی دەربڕین وخۆگونجاندنی ڕێکخراوەیی***

هەرچەندە کەشی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان کراوەترە بەبەراورد لەگەڵ عێراقی فیدراڵ، بەڵام هێشتا هەستیارییەکان شێوازی کارکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان دادەڕێژن، بەتایبەتی لەڕووی بەکارهێنانی زمانی پشت بەستوو بەمافەکان یان زمانی تایبەت بەجۆری کۆمەلایەتی. لە ناوچە کۆنەپەرستەکان یان لە ناوچە گوندنشینەکاندا، تەنانەت خودی زاراوەی "جێندەر"یش دەکرێت وەک چەمکێکی بیانی، ڕۆژئاوایی یان تێکدەری ئارامی سەیر بکرێت. ئەمەش وادەکات ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی ئافرەتان خۆیان بگونجێنن، خۆیان لە بەکارهێنانی زمانی ڕاشکاو بپارێزن و "لە ودیوی پەردەکانەوە کاربکەن[22].

ئەم ئاڵنگارییە ئەو بەرتەسکییە دوولایەنە سەختە ئاشکرا دەکات کە گروپەکانی مافەکانی ژنان ڕووبەڕووی دەبنەوە: دەبێت ئەجێندا گۆڕانکاریخوازەکان بەرەوپێش ببەن بەبێ ئەوەی کاردانەوەی نەرێنیی گشتی دروست بکەن یان بیجولێنن. ئەمەش ڕەسەنایەتی لاواز دەکات ورێگری لە دروستکردنی هاوپەیمانیی بەرفراوانتر دەکات. هەروەها کەلێنێکی گەورە لە پەروەردەی حکومی وکۆمەڵایەتیدا دەردەخات، کە تێیدا چەمکەکانی وەک یەکسانیی هەردوو ڕەگەز یان سەربەخۆیی جەستەیی بە هەڵە لێکدەدرێنەوە یان وەک بابەتی قەدەغەکراو دەمێننەوە. لە هەندێک کۆمەڵگە ودامەزراوەی کەنەپەرستدا یان نەریتیدا، بەکارهێنانی ئاشکرای زمانی فێمینیستی یان زمانی مافەکانی پەیوەست بە جێندەر زۆرجار دەبێتە هۆی کاردانەوەی نەرێنی، ڕەتکردنەوە یان دوورخستنەوە. لە ئەنجامدا، ڕێکخراوەکان خۆیان گونجاندووە لەڕێگەی داڕشتنەوەی داکۆکییەکانیان بە بەکارهێنانی زمانی "بێلایەنتر" یان لە ڕووی کولتوورییەوە پەسەندکراوتر، بۆ مسۆگەرکردنی دەرفەتی گەیشتن بە کۆمەڵگاکان، ئەنجومەنە ناوخۆییەکان و دەستگەیشتن بە لایەنە بەخشەرەکان.

ئەم خۆپاراستنە لەڕوی دەربڕین ومامەڵەکردن لەگەڵ دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا، ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی-سیاسیی گوتاری جۆری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا دەردەخات[23]. ئەم "خۆگونجاندنە هێمنانە" ناسنامەی ڕێکخراوەییش دەگرێتەوە. هەندێک گروپ خۆیان بەدوور دەگرن لەوەی خۆیان وەک فێمینیست یان مافپەروەر بناسێنن، بۆ ئەوەی دەرفەتی کارکردنیان بمێنێت،

کاردانەوە نەرێنییەکان کەم بکەنەوە وکارمەندەکانیان بپارێزن. ژنە چالاکوانان وسەرکردەکانی بواری مافەکانی ژنان باسیان لە باجی سومعەی کەسییش کردووە، لەوانە بێمتمانەیی کۆمەڵگە وئەو تۆمەتانەی کە گوایە ئەوان "هانی جیابوونەوە (تەڵاق) دەدەن" یان "داب ونەریت وکولتوور تێک دەدەن". وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە میانی گفتوگۆی فۆکەس گروپدا ئاماژەی پێدا: "ئەگەر زمانێکی دیاریکراو بە کێشەدار یان مشتومڕاوی دابنرێت، ئێمە لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی جێگرەوە خۆمان دەگونجێنین، لە هەمان کاتدا لە بەرەودان بە ئامانجەکەمان بەردەوام دەبین." ڕێکخراوێکی دیکەی بواری مافەکانی ئافرەتان باسی لەوە کرد کە ئەوان:

> **.... ڕێبازێکی دیپلۆماسیمان گرتووەتەبەر... ئەگەر زاراوەی دیاریکراو لای لایەنە پەیوەندیدارەکان پەسەند نەبێت، ئێمە وشەی جێگرەوە بەکاردەهێنین. ئەم نەرمییە بەتایبەتی گرنگە لە کاتی کارکردن لەگەڵ دامەزراوە کۆنەپەرستەکان، کە ڕەنگە بەرامبەر بە زمانی فێمینیستی یان تایبەت بە جۆری کۆمەلایەتی، بەرگریکار بن.**

لەگەڵ بەرفراوانبوونی هێرشی بەرفراوانی ئاراستەکراو، ڕێکخراوەکان هیچ بژاردەیەکی تریان لەبەردەستدا نامێنێتەوە جگە لە خۆگونجاندن نەبێت. هەروەک یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان باسی کرد: "ئێمە ڕۆژانە ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی زۆر دەبینەوە، سەکۆی زۆر بەناوبانگمان لە فەیسبووک هەیە... کە تەرخانکراون بۆ یاساکانی باری کەسی وتوندوتیژیی خێزانی."

***جیاوازییە جیۆسیاسی وکەرتییەکان لە کۆت وبەندەکاندا***

یەکێک لە دەرەنجامە گرنگەکانی ئەم ڕاوێژکارییانەی ئەنجامدران بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، بریتی بوو لە بوونی جیاوازییەکی جیۆپۆلەتیکیی بەرچاو، نەک تەنها لەنێوان عێراقی فیدراڵ وهەرێمی کوردستانی عێراقدا، بەڵکو لەناو خودی عێراقی فیدراڵ وهەرێمی کوردستانیشدا. لەناو خودی هەرێمی کوردستاندا، هەڵوێستەکان بەرامبەر بە گوتاری جۆری کۆمەلایەتی زۆر جیاوازن. بە بەراورد بەو ڕەتکردنەوە ڕوونەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، گوێمان لێبوو کە هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکی تا ڕادەیەک کەم دەبنەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زاراوەکانی جۆری کۆمەلایەتیدا. وەک یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان ئاماژەی پێدا:

> **لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ڕێگرییەکان زۆر کەمترن، بۆیە هیچ ئاڵنگارییەکی گەورە لە بەکارهێنانی زماندا نییە بۆ ووشەکانی وەک 'جێندەر' و ئەوانی تر کە لە باشوور و بەغدا قەدەغەکراون.**

بۆ پشتڕاستکردنەوەی جیاوازییە جیۆپۆلەتیکییەکانی نێوان ناوچەکانی عێراق لە کاتی جێبەجێکردن وڕێکخستنی ڕێگرییەکاندا، ڕێکخراوێکی دیکەی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا ووتی:

> **لەکاتی جێبەجێکردندا، هەست بە ئازادییەکی زیاتر دەکەین چونکە کۆمەڵگەکانی دەشتی نەینەوا تا ڕادەیەکی باش کراوەن و هیچ بەربەستێک نییە لەبەردەم بەکارهێنانی ئازادانەی زماندا**

بە هەمان شێوە، هاوشانی جیاوازییە جیۆپۆلەتیکییەکان کە لە ڕاوێژکارییەکانی ئەم پرۆژەیەدا دەرکەوتن، گوێمان لە جیاوازییەکانی ناو کەرتەکانیش بوو – هەموو ژینگە ئەکادیمییەکان دژایەتی گوتاری جێندەریان نەدەکرد. لە ڕاستیدا، یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان باسی لەوە کرد کە ئەوان:

**"...هەست بە ئازادییەکی زیاتر دەکەن لە بەکارهێنانی زاراوەکانی پەیوەست بە جۆری کۆمەڵایەتی (جێندر) لە چوارچێوەی توێژینەوەدا. ژینگەی ئەکادیمی ڕێگە بە بەکارهێنانێکی فەرمی وپیشەییانەتری زاراوەکانی جۆری کۆمەڵایەتی دەدات، چونکە ئەم گفتوگۆیانە بەگشتی لە گوتاری ئەکادیمیدا پەسەندکراون."**

لە میانی چاوپێکەوتنەکاندا لەگەڵ بەرپرسە سەرەکییەکاندا، ڕێکخراوەکانی ژنان ئەزموونی زۆر جیاوازیان گێڕایەوە، یەکێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان کە لەناو کەرکوک کار دەکات، ووتی:

**"گروپە توندڕەوەکانی ناو کۆمەڵگە هەمیشە تۆمەتبارمان دەکەن بە کارکردن لەسەر ئەجێندای نێودەوڵەتی دژی کۆمەڵگەکانمان، و کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی خێزانەکان. ئەمە لە ساڵانی دواییدا دەستیپێکردووە بەهۆی سۆشیال میدیا وبەکارهێنانی بەرفراوانی سەکۆکانی سۆشیال میدیا لەلایەن پیاوانی ئایینی وتوندڕەوانەوە. ئەوان بە شێوەیەکی سیستماتیک کار دەکەن بۆ شێواندنی وێنەی ژنان وڕێکخراوەکانی ژنان بە بەرپرسیار دەزانن لە هەڵوەشانەوەی خێزان وکۆمەڵگە."**

ژینگەی گوتاری گشتی زۆر بەسیاسی کراوە، کە تێیدا خودی زمان دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم داکۆکیکاریدا. ئەمە ڕێکخراوەکانی ژنان ناچار دەکات هاوسەنگییەکی ورد ڕابگرن، لە لایەکەوە پاڵ بە گۆڕانکاریی بنەڕەتییەوە دەنێن ولە لایەکی دیکەشەوە خۆیان لەو زاراوانە بەدوور دەگرن کە کۆنەپەرستەکان هان دەدات. ئەم جۆرە خۆگونجاندنە پێویستە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕەسەنایەتی وبوێری لە کاری مافپەروەریدا سنووردار دەکات. ئەمە ڕەنگدانەوەی بەرگرییەکی پێکهاتەیی قووڵترە بەرامبەر بە یەکسانیی لە جۆری کۆمەڵایەتیدا. ئەم بابەتە گرنگیی سروشتی لۆکاڵیی کۆتوبەندەکانی سەر کەشی مەدەنی دەردەخات، کە داوای دارشتنی ستراتیژیی گونجاو دەکات بۆ شوێن و چوارچێوەی دامەزراوەیی جیاواز.

## دەرفەت

### *بەهێزکردنی تۆڕ وهاوپەیمانێتییەکان*

سەرەڕای بوونی ئەم ژینگە سنووردارکەرە، ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی درێژیان لە خۆڕاگری هەیە. تۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پشتیوانییەکی گرنگ دابیندەکەن لەڕێگەی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕێکخراوەکان تا زانیاری ئاڵوگۆڕ بکەن، دەنگی داکۆکیکارییان بەرز بکەنەوە ولەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەتدا لە پەیوەندی بەردەوامدابن. ئەم ڕێکخراوانەی بواری ئافرەتان کە بەشداریان لە گفتوگۆکانی تۆڕی نیسام کرد، باسیان لە بەشداری چالاکانەی خۆیان کرد لە سەکۆکانی وەک تۆڕی ژن، ئاشتی وئاسایش، ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی لە پێناو قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانەدا، هەروەها گروپەکانی فشاری ئافرەتان، پرۆژەی نیسامی سەر بە ڕێکخراوی ئافرەتان لە پێناوی ئافرەتانی نیودەوڵەتیدا. ئەم تۆڕانە داکۆکی وپشتگیری هەرێمیی ئاسان دەکەن، دیدگا کە فەراهەمدەکەن ودەستپێشخەرییە خۆجێییەکان لەگەڵ گرنگییپێدانەکانی لایەنە بەخشەرەکان دەگونجێنن. وەک خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و پشتگیری ئابووری.

لەنێو دۆخی پەرتەوازەیی کۆمەڵگەی مەدەنیی عێراقیدا، تۆڕەکان ڕۆڵێکی دوولایەنە دەگێڕن: پاراستنی بەکۆمەڵ دابین دەکەن ووەڵامدانەوەی هەماهەنگ بۆ داواکارییەکانی لایەنە بەخشەرەکان سەبارەت بە بەرنامەسازی یەکتربڕو فرەبابەت دەرەخسێنن. کاتێک ئەم هاوپەیمانییانە بە شێوەیەکی بەردەوام پاڵپشتی دارایی بکرێن وپێکهاتەکەیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابڕێژرێت، دەتوانن لەڕێگەی کۆکردنەوەی سەرچاوەکان ودروستکردنی ژێرخانی هاوبەشەوە کاریگەریی کشانەوەی لایەنە بەخشەرەکان کەمبکەنەوە. گروپ وکەشەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە توانا بەخشین بە ئافرەتان کە بتوانن دەستیان بە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بگات وکاریگەرییان لەسەری هەبێت، ئەمەش لەڕێگەی دروستکردنی کەشی ئارام و دابینکردنی ڕاهێنان وسەرچاوەو بەرزکردنەوەی هۆشیاری وپشتیوانیی کۆمەڵگە بۆ ماف وبەشدارییکردنی ئافرەتان[24].

بۆ پاراستنی بەردەوامیی کەشی مەدەنی وپێشخستنی یەکسانیی لە رووی جۆری کۆمەڵایەتییەوە، ڕێکخراوەکانی ژنان پێشنیازی ڕێبازێکی فرە-ئاژانسی دەکەن کە دروستکردنی هاوپەیمانی لەناو پێکهاتەکانی دەسەڵاتی ئێستادا لەخۆبگرێت، بە جۆرێک کە ژنان هەست بە ئارامی بکەن لە بەشداریکردن تێیدا. ئەم ڕێبازە دروستکردنی تۆڕی نوێی هاوپەیمانان لەناو پێکهاتەکانی دەسەڵاتی

ئێستادا لەخۆدەگرێت، وەک بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی کۆمەڵایەتی، نووسینگەی پارێزگار وچالاکوانان، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژناندا. ئەمە کەلێنێکی جێبەجێکردنی گرنگە کە پڕۆژەی "نیسام" هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی بەردەوام لە ماوەی پڕۆژەکە ودواتریشدا چارەسەری بکات، لەڕێگەی بەستنەوەی ستراتیژیی ڕێکخراوەکانی ژنان بە پێکهاتەکانی دەسەڵاتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو دەستپێشخەریانەی لەلایەن گروپە ئەمنییەکانەوە سەرپەرشتی دەکرێن، وەک بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی کۆمەڵایەتی، هەستیاربن بەرامبەر بە جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر) ولەسەر بنەمای گرنگیپێدان و شارەزایی ئەو کۆمەڵگایانە بن کە هەوڵی خزمەتکردنیان دەدەن[25].



## ڕاسپاردە

***بەهێزکردنی پارێزگاری یاسایی ومیکانیزمەکانی پشتگیری کردنی کۆمەڵگای مەدەنی***

چالاکوانانی مافەکانی ژنان، بەتایبەتی لە ناوچە نەریتییەکانی وەک سلێمانی وهەڵەبجە، ڕووبەڕووی پاشەکشەی ئایدیۆلۆژی وهەڕەشەی زیاتر دەبنەوە. کەشی مەدەنی بچووک دەبێتەوە بەهۆی زیادبوونی کاریگەریی تاک وگروپی توندڕەو، وچالاکوانان زۆرجار هەست دەکەن ناچارن خۆیان بگونجێنن بۆ خۆپاراستن لە تۆڵەسەندنەوە. ئەم فشارانە ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان وکارمەندەکانیان دەخاتە بەر کۆمەڵێک مەترسی زیاترەوە وتوانایان بۆ داکۆکیکردنێکی کاریگەرانە سنووردار دەکات. هاوپەیمانێتی وتۆڕەکان، وەک تۆڕی "ژن، ئاشتی وئاسایش" و "لۆبیی ژنانی کوردستان"، ئامرازی بەهێزن بۆ داکۆکیکاری، بەڵام بەدەست دەستەبژێریی شارنشینی وچاودێریکردنەوە دەناڵێنن. هەمیشە ئەو ڕێکخراوانەی کە لە لایەن کۆمەڵگا خۆجێی کەمینەکان بەڕێوەدەبرێن، لە دروستکردنی بڕیار پەراوێز دەخرێن.

**ڕێکاری پێشنیارکراو: پێویستە لەسەر لایەنە بەخشەرەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومییەکان، ئاژانسە فرەلایەنەکان وهاوبەشە نیشتمانییەکان کە: هەستن بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:**

1. ئەنجامدانی هاوکاری لەگەڵ دەسەڵاتە نیشتمانی وهەرێمییەکاندا بۆ داڕشتن وجێبەجێکردنی چوارچێوەیەکی کارکردن بۆ پاراستنی کۆمەڵگەی مەدەنی، بە پشتیوانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەمەش پێویستە ئەم خاڵانە لەخۆبگرێت:

    - بڕگەی دژە-جیاکاری بۆ پاراستنی چاڵاکوانان وڕێکخراوەکان لە گێچەڵپێکردن.

- گەرەنتیی سەربەخۆیی دامەزراوەیی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان تا بتوانن بە سەربەخۆیی ودوور لە دەستێوەردانی ناپێویست کار بکەن.

- ڕێوشوێنی ئەمنیی کرداری ومیکانیزمی وەڵامدانەوەی خێرا بۆ ئەو چالاکوانانەی کە ڕووبەرووی مەترسی دەبنەوە.

**2.** جێگیرکردنی ئەم پاراستنە لەنێو ئەجێندای چاکسازیی یاسایی نیشتمانیدا گونجاندنیان لەگەڵ چوارچێوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤدا.

**3.** هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەنێویشیاندا لایەنە بەخشەرەکان، ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان (INGOs) وئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی:

  - داکۆکی لە فراوانکردنی کەشی مەدەنی بکەن وەک بەشێک لە کارە دیپلۆماسی وگەشەپێدانەکانیان.
  - پشتیوانیی تەکنیکی ودارایی بۆ دروستکردنی میکانیزمی پاراستن دابین بکەن.
  - بودجە بۆ پرۆگرامەکانی پاراستنی چالاکوانانی هێڵی پێشەوە دابین بکەن، وەک گواستنەوەی بەپەلە، پشتیوانیی دەروونی-کۆمەڵایەتی وڕاهێنان لەسەر ئاسایشی دیجیتاڵی.

**4.** پشتگیری کردنی هاوپەیمانێتی وتۆڕەکان لە پێناو گرتنەبەری کردەکانی حوکمڕانێتی شەفاف وگشتگیر، وەک پێوەرەکانی هەڵبژاردنی ڕوون وڕۆڵەکانی سەرکردایەتیکردنی خولی، وئاراستەکردن وڕێنماییکردنی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنانی تازە سەر هەڵداو وخۆجێیی.




## دەرەنجام

لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان بەردەوامن لە دروستکردنی کۆمەڵێک پانتایی بۆ دادپەروەریی جۆری کۆمەڵایەتی لە ژینگەیەکی دژوار وسنووردراردا کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە توای داهێنان

وهێزیشیان روونە، ئەم هەوڵانە لەژێر ڕۆشنایی کشانەوەی لایەنە بەخشەرەکان، بچووکبوونەوەی کەشی مەدەنی وئاڵنگارییە سیاسییەکاندا دەردەکەون، کە هەڕەشەی لەناوبردنی ئەو دەستکەوتانە دەکەن کە بەزەحمەت بەدەستهاتوون.

ئەم توێژینەوەیە، هاوشان لەگەڵ پەراوی سیاسەتی "ژن، ئاشتی وئاسایش" وەک بەشێک لە زنجیرەی ڕاوێژکارییەکانی پرۆژەی "نیسام"، بە وردی ئەوەی خستووەتەڕوو کە چۆن ژینگەی کارکردن بۆ ئەو ڕێکخراوانەی ژنان کە لەسەر گرنگیپێدانەکانی پرۆگرامی ژن، ئاشتی وئاسایش کار دەکەن، بە شێوەیەکی بەرچاو شێواو نائارام بووە. کشانەوەی یەک لەدوای یەکی لایەنە بەخشەرەکان بۆتەهۆکاری دەرکەوتنی کۆمەڵێک بۆشایی دارایی کە بەردەوامێتی پرۆگرامە سەرەکییەکان دەخاتە مەترسییەوە؛ هەر لە خزمەتگوزارییەکانی توندوتیژیی لەسەر بنەمانی جۆری کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا دەگا بە یارمەتیی یاسایی وهۆشیاریی کۆمەڵایەتی. تاکوئێستاش دینامیکیەتە سیاسییەکانی، وەک پشکی کۆتای ڕەمزیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، بەردەوامن لە ڕێگریکردنی کارایەنەی بەشداریکردنی ئافرەتان لەدروستکردنی بڕیاردا. لە هەمان کاتدا، گرژییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وبەغدا نادیارییێکی یاسایی دروست دەکەن کە ڕێگرە لەبەردەم کاری نێوان هەرێمەکاندا. کەشی مەدەنی بە شێوەیەکی ڕوولەهەڵکشان سنووردارتر دەبێت، بەهۆی چاودێریی توند، ئاستەنگی بیرۆکراسی وپەرچەکرداری ئایدیۆلۆژی کە چالاکوانان ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە دەکەنەوە.

ئەوان زمانی پشت بەستوو بەمافەکان بە شێوازێکی نوێ دادەڕێژنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەشە نەریتییەکاندا، پرسەکانی جێندەری تێکەڵ بە ئەجێندا فراوانەکانی بواری بووژاندنەوە وکەشوهەوا دەکەن، وهاوپەیمانیی نێوان کەرتە جیاوازەکان دروست دەکەن کە پێگەیەکی لاواز لە پرۆسەکانی سیاسەتدانانادا دەپارێزن."

بەڵام لەناو ئەم سنووردارکردنانەشدا، ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک ستراتیژیی خۆگونجاندن نیشان دەدەن. ئەوان زمانی مافپەروەرێتی خۆیان بە شێوازێکی نوێ دادەڕێژنەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەشە نەریتییەکاندا، پرسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە ئەجێندا فراوانەکانی بووژاندنەوە وکەشوهەوا دەکەن، وهاوپەیمانیی نێوان کەرتە جیاوازەکان دروست دەکەن کە ئامادەگیەکی لاواز لە پرۆسەکانی سیاسەتدانانادا دەپارێزن. ئەم کراوەییە ڕێژەییەی چوارچێوەی یاسایی هەرێمی کوردستان، هەرچەندە بە شێوەیەکی ناتەواو جێبەجێ دەکرێت، ڕێگەی بە گەشەکردنی هەندێک هاوبەشێتی دامەزراوەیی داوە. بەڵام، ڕێکخراوە خۆجێییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی ناوەندە شارییەکانن، هێشتا بۆ دەرکەوتن ودەستڕاگەیشتن بە لایەنە پەیوەندیدارەکان تێدەکۆشن.

ئەم وێنە تێکەڵەیە، ئەوە دەردەخات کە هەرێمی کوردستان تەنها ژینگەیێکی پڕ لە دەرفەتی فێمینیستی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا کەشێکیشە لە کێشەو ململانێ. پێویستە لەسەر لایەنە بەخشەرەکان ئەم ئاڵۆزییە لەبەرچاو بگرن، لەڕێگەی پشتیوانیکردنی دامەزراوەییەوەو بەهێزکردنی تواناکان و وەبەرهێنان لە کەشێکی مەدەنیی ئارامدا. گونجاندنی چوارچێوە یاساییەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وعێراقی فیدراڵدا دەتوانێت ئیفلیجی کارگێری کەم بکاتەوە. دابینکردنی پاڵپشتی دارایی درێژخایەن وگونجاو پێویستییەکی سەرەکییە بۆ پاراستنی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کاتەکانی قەیرانی داراییدا، لە کاتێکدا پارێزگاریکردنی یاسایی بۆ گروپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کە سەرکردایەتی گۆڕانکارییەکان دەکەن.

لەکۆتاییدا، هەرچەندە هاوپەیمانییە فێمینیستییەکان وەک سەکۆی زیندوو دەمێننەوە، بەڵام پێکهاتەکانی حوکمڕانیشیان پێویستیان بە بەدیموکراسیکردن هەیە. بەشدارییێکردنی زیاتری ڕێکخراوەکانی ژنانی گوندنشین، گەنجان وکەمینەکان، متمانەپێکراوی وبەردەوامێتی ئەم تۆڕانە بەهێزتر دەکات ودەبێتە نموونەی ئەو یەکسانییەی کە هەوڵ دەدەن لە دەرەوەدا پێشی بخەن.

ڕاسپاردەکانی پەیوەست بە دروستکردنی هاوپەیمانیی گشتگیر، کەناڵەکانی ئاراستەکردن وچاکسازی ناوەخۆیی هەربەتەنها بریتی نین لەکۆمەڵێک گۆڕانکاری پەیکەری، بەڵکو کۆمەڵێک ڕێکاری سیاسیە بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی سەرچاوەکانی جۆری کۆمەڵایەتی. ئەم ڕاپۆرتە بانگهێشتێکە بۆ وەبەرهێنان لە وەی کە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەگوێرەی مەرج و گرنگیپێدان وشارەزاییەکانی ڕێکخراوەکانی مافەکانی ئافرەتان خۆیان.



# ئاماژەکان


1 - "نساء والسلام" ووشەیەکی عەرەبییە ماناکەی بریتییە لە "ژن وئاشتی". زاراوەی "NISAAM" کۆکراوی نێوان هەردووک ووشەکەیە بۆ ئەوەی ئاماژەبێت بۆ تێکهەڵکێشکردنی ژن و گرنگیپێدانەکانی لە سەرجەم بوارەکانی ئەجێندای ژن وئاشتی وئاسایش لە عیراقدا. بڕوانە: ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی، پرۆژەی نیسام: (https://womenforwomen.org.uk/nisaam) .

2 - میۆلین، ئی(٢٠٢٥)، "ئاژانسی ئەمەریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەولەتی بڕیارێکی گشتی دەرکرد بەراگرتنی کار، بەڵێندەدات بە کۆمەڵێک "یەکلایی کردنەوەی دادپەروەرانە"، دفکس، ١/٢٩ : (www.devex.com/news/usaid-issues-blanket-stop-work-order-promising-equitable-adjustments-109197)

3 -پەرلەمانی بەریتانیا، نووسینگەی ئەنجوومەنی گشتی (٢٠٢٥)، بەرتیانیا هەڵدەستی بە کەمکردنەوەی هاوکارییەکانی بۆ ڕێژەی 0.3% داهاتی نەتەوەیی گشتی لە ساڵی بەرواری ٢٠٢٧/٢/٢٨دا: (https://commonslibrary.parliament.uk/uk-to-reduce-aid-to-0-3-of-gross-national-income-from-2027/)

4 - هەمان سەرچاوە

5 - میۆلین، ئی(٢٠٢٥)، "ئاژانسی ئەمەریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەولەتی بڕیارێکی گشتی دەرکرد بەراگرتنی کار، بەڵێندەدات بە کۆمەڵێک "یەکلایی کردنەوەی دادپەروەرانە"، دفکس، ١/٢٩: (www.devex.com/news/usaid-issues-blanket-stop-work-order-promising-equitable-adjustments-109197)

6 - بەدواداچوونی بەخشەران (٢٠٢٤)،" سوید میزانیەی هاوکارییەکانی پەرەپێدانی فەرمی کەمدەکاتەوە لە پێناو گرنگیپێدانە خۆجییەکان، ٩/١٧ (https://donortracker.org/policy_updates?policy=sweden-slashes-oda-budget-amid-domestic-priorities-2024)

7 - بەشدار لە دەستپێشخەری زانیارییە سەرەکیەکانی هەریمی کوردستان، ئایاری ، ٢٠٢٥.

8 - بەشداربوێکی گفتوگۆی فۆکەس گروپ ، ڕێکخراوی ئافراتانی جیهان، ئایاری/٢٠٢٥: " ئەم کەمکردنەوانە هەرەشە دەکەن لە ڕێکخراوە بەتواناکان بۆ گەییشتن بە ئافرەتان و گەنجەکان لەکاتی تەنگژەکاندا.

9 - دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٠٢٥)، " توێژینەوەیەکی ڕاپرسیئامیزی نوێ دەریدەخات کە نیوەی ڕێکخراوەکانی ژنان کە هاوکاری ئافرەتان دەکەن لە کاتی قەیرانەکەدا، ڕەنگە دەرگاکانیان دابخەن لە ماوەی شەش مانگدا بەهۆکاری کەمبوونەوەی هاوکارییە دارایی جیهانییەکانەوە، ١٣ی ئایار. www.unwomen.org/en/news-stories/press-release/2025/05/new-survey-shows-half-of-womens-organizations-aiding-women-in-crises-may-shut-down-in-six-months-due-to-global-aid-cuts

10 - ڕێکخراوی هاوکاری وهەماهەنگی ئابووری و پەرەپێدان (٢٠٢٢)، " ئەم هاوکاریانەی تەرکیزدەخەنە سەر یەکسانی نێوان نێر ومێ و توانابەخشین بە ئافرەت: تێڕوانینێکی گشتی.

11 - بەشداربوویەکی هەرێمی کوردستان، رکخراوی مافەکانی ئافرەت، هەرێمی کوردستانی عێراق/ نیسانی ٢٠٢٥:" هاوکارییە مرۆییەکان کەمبونەوە بەشێوەیەکی جوزئی بەهۆکاری دروست بوونی گۆڕانکاری لە ئاراستەی گەنگیپێدانە نێودەوڵەتییەکاندا، وەک کاریگەری سەرۆکایەتی ترەمپ، کەمکردنەوەی هاوکاریەکان لەلایەن ئاژانسی ئەمەریکی بۆ پەرەپێدانی نیودەولەتی، شەڕی ئۆکرانیا وبوومەلەرزەی تورکیا وسوریا."

12 - بەشدارێکی گفتوگۆی فۆکەس گروپ، ڕێکخراوی مافی ئافرەتان، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، شوباتی 2025: "کاتێک بودجە کۆتایی دێت، ئێمە تەنها پارە لەدەست نادەین. ئێمە شوێنی سەلامەت، دەستڕاگەیشتن بە یاسا، پشتگیری تەندروستی دەروونی، وهەموو شتێک لەدەست دەدەین کە ژنان پشتی پێدەبەستن."

13 - بەشداربووییکی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان، بەسەرکردایەتی ئێزیدییەکان، نیسانی، ٢٠٢٥.

14 - بەشداربوێکی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوەکانی مافی ئافرەتان، نیسانی،٢٠٢٥: "هەندێک ڕێکخراو هەن وا خۆیان نیشان دەدەن کە پشتگیری لە ژنان دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا کەمینەکانی وەک ئێزیدییەکان پەراوێز دەخەن... ئێمە ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی بووینەوە تەنانەت لە گروپەکانی تری ژنانیشەوە. هەندێک جار هەست دەکەین کە دەبێت شەڕ بکەین تەنها بۆ ئەوەی ببینرێین."

15 - بەشداربوویەکی گفتوگۆی فۆکەس گرووپ، ڕێکخراوی مافەکانی ژنان، هەرێمی کوردستان، شوباتی ٢٠٢٥: "ئێمە دابڕاوین. تەنانەت گرووپەکانی دیکەی ژنانیش لە سەکۆکانیاندا بەشداریمان پێناکەن چونکە ئێمە نوێین یان خەڵکی گوندەکانین."

16 - ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی. پرۆژەی نیسام. (https://womenforwomen.org.uk/nisaam) .

17 - هەمان سەرچاوە.

18 - ئافرەتان، نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق (٢٠٢٤)، "بەهێزکردنی ئافرەتان بۆ داهاتوویەکی گەشاوەتر لە عێراق: ١١/٥ : (https://iraq.unwomen.org/en/stories/news/2024/11/empowering-women-for-a-brighter-future-in-iraq)

19 - ڕێکخراوی ژن بۆ ژنانی نێودەوڵەتی (٢٠٢٤)، 'گوێ لە ژنان بگرن: دەستنیشانکردنی لەمپەر ودەرفەتەکانی بەردەم بەشداری وسەرکردایەتیی ژنان لە عێراقدا' (https://womenforwomen.org.uk/sites/default/files/2024-08/listentowomen-iraq_women_for_women_intl_2024.pdf)

20 - هەمان سەرچاوە

21 - بەشداربوویەکی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی (KII)، ڕێکخراوی مافەکانی ژنان، هەرێمی کوردستان، نیسانی ٢٠٢٥: "دەستمان کردووە بە ئەنجامدانی گفتوگۆی مێزگردی کاندیدەکان وکۆبوونەوەی گشتی بۆ ئەوەی ژنان ڕاستەوخۆ چاویان بە سیاسییە ناوخۆییەکان بکەوێت وپرسیاریان لێبکەن".بەشداربوویەکی تری چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی (KII) لە نەینەوا: "لە دوا خولی هەڵبژاردندا، ئێمە هاوبەشیمان لەگەڵ دوو کاندید کرد بۆ داڕشتنی سەکۆ و کەرەستەی هەڵمەتی هەڵبژاردن کە هەستیار بن بەرامبەر بە جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر)."

22 - بەشداربووانی گفتوگۆی فۆکەس گرووپ، ڕێکخراوەکانی مافەکانی ژنان، هەرێمی کوردستان، شوباتی ٢٠٢٥: "لێرە ناتوانین بە ئاشکرا باسی دادپەروەریی جۆری کۆمەڵایەتی بکەین. ئێمە لە ڕێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەوە کاردەکەین وتەنها دوای ئەوەی متمانە دروست دەبێت، زمانی مافەکان دێنینە ئاراوە."

23 - بەشداربوویەکی گفتوگۆی فۆکەس گرووپ، ڕێکخراوی مافەکانی ژنان، هەرێمی کوردستان، شوباتی ٢٠٢٥: "بەخشەرێکی فێمینیستمان هەبوو، بەڵام زانکۆکە ئامادە نەبوو لەگەڵمان کار بکات بەهۆی ناونیشانی 'ئێمە ڕێکخراوێکی ناحکومیی ژنانەین'."

24 - ڕێکخراوی ژنان بۆ ژنانی نێودەوڵەتی (٢٠٢٤)، 'گوێ لە ژنان بگرن: دەستنیشانکردنی لەمپەر ودەرفەتەکانی بەردەم بەشداری وسەرکردایەتیی ژنان لە عێراقدا' (https://womenforwomen.org.uk/sites/default/files/2024-08/listentowomen-iraq_women_for_women_intl_2024.pdf)

25 - هەمان سەرچاوە.

**جێندەرییەکان بۆ ئاشتی و ئاسایش (GAPS)** کارە تۆڕێکی کۆمەڵگای مەدەنییە لە بریتانیا کە سەر بە بابەتی ژن، ئاشتی و ئاسایشە. ئەم تۆڕە پێکدێت لە کۆمەڵێك ئەندام و خاوەندارە لە چەند ڕێکخراوێکی ناهەکومی و شارەزایان لە بوارەکانی پەرسەندنی ژیانی گەشەکردن، مافە مرۆڤ، و وەڵامی مرۆیی و دۆزینەوەی ئاشتی. بنەڕەتی تۆڕەکە دروست کراوە بۆ پشتگیری جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە 1325ی ئەنجومەنی ئاسایش بەربەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ژن، ئاشتی و ئاسایش. ئەرکی سەرەکیی تۆڕەکە ئەوەیە کە پەیوەستبونی نێودەوڵەتیی حکومەتی بریتانیا بە ژنان و کچان لە ناو شوێنە تووشی شەڕەکان بەهێز بکات و بپەیوەندێنێت و بەرپرسارەکانی بپرسێت.

**ژن بۆ ژنانەوەی جیهان (WfWI)** ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە کە پشتگیری دەکات لە ژنانییەك کە لە خەتەری زۆر دەژین، وەکو ئەفغانستان، بوسنیا و هەرزەگوڤینا، کۆنگۆی دیمۆکرات، عێراق، کۆسۆڤۆ، نیجیریا، ڕواندا و باشووری سوودان. لە ساڵی 1993ەوە، ئەم ڕێکخراوە نزیکەی نیو ملیۆن ژنی تووشی شەڕی پێگەیشتووە و یارمەتیدانیان کردووە بۆ دووبارە دروستکردنی ژیانیان لە ڕێگەی فێربوونی شارەزاییەکان، ئاگادارکردنەوەی مافەکان و بەهێزکردنی ئابووری. بەهۆی پڕۆگرامەکانی، هاوبەشایەتیەکان و فەرمیاندنەکانی، ڕێکخراوەکە دڵنیایی دەدات کە ژنان بتوانن پارە بەدەستبهێنن و پاشەکەوتیان بکەن، تەندروستی خێزانەکانیان باشتر بکەن، و مافەکانیان جێبەجێ بکەن، و هاوبەش بن لە تۆڕە گەورەکان کە دەنگی ژنان بەرزتر دەکەن. هەروەها ڕێکخراوەکە بە هاوبەشی لەگەڵ کارگێڕانی سیاسەتی، پێشەنگانی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای ناوخۆیی، بانگەواز دەکات بۆ گۆڕانکارییە بنچینەییەکان کە دڵنیایی بدن پێشنیاز و دیدی ژنان بەشێك بن لە پڕۆسەی بڕیاردان لە ماڵ، کۆمەڵگا و دەربڕی ئەوانەوە.

WOMEN FOR WOMEN INTERNATIONAL

gaps uk [ ]
GENDER ACTION FOR PEACE AND SECURITY

وانەکان و ئەزموونەکان لەم پەرتووکەدا پێشکەش کراون، سەرچاوەیانە لە تاقیکردنەوە و ئەزموونی ڕێکخراوەکانی مافی ژنان لە عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان، کە لەگەڵ یەکدی دەکارەن لە ژێر چوارچێوەی پڕۆژەی نیسام کە بە پارەی حکومەتی بەریتانیادا پشتگیرێت.

UK International Development
Partnership | Progress | Prosperity